https://www.doi.org/10.31918/twejer.2253.16

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ دانانی دەستوورە دیموکراتییەکان

(توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە)

د. سۆران علی حسن ابراهیم محمد احمد

زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن

Soran.hassan@soran.edu.iq ibrahem.ahmed@soran.edu.iq

## پوختەی

پڕۆسەی دانانی دەستوور بە چەندین قۆناغی جیاواز تێپەڕیوە، بە شێوەیەک لە سەرەتادا تەنها لە نێوان لایەنە ناوخۆییەکان دانراون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گەشەشەندنی ئەم پڕۆسەیە وایکردووە گۆڕانکاری بەسەردابێت، بە جۆرێک تەنها لە سەر ئاستی ناوخۆیی نەمێنێتەوە بەڵکوو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی شانبەشانی لایەنە ناوخۆییەکان لە پڕۆسەی دانانی دەستوور ڕۆڵێکی کاریگەر بگێرن، بە شێوەیەکی دەستوور وەکوو بالاترین بەڵگەنامە لە دەوڵەتدا بۆتە بەشێک لە پڕۆسەی بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگا بە بوونی بەها و بنەما دیموکراتییەکان تیایدا و بە میکانزیم وەرگرتنی بۆ ئاراستەنەکردنی وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئارامیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

هەر بۆیە بە گرینگیدان لەو پڕۆسیەدا بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە قۆناغی ناکۆکی یان قۆناغی دوای ناکۆکیی نێوخۆییدان، بۆیە پڕۆسەی دانانی دەستوور لە سەردەمی ئەمڕۆدا وای کردووە کەوا تەنها تێڕوانینێکی ناخۆیی نەبێت، بەڵکوو تێڕوانینێکی نێودەوڵەتیش بێت، ئەمەش وای کردووە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێن لە پڕۆسەی دانانی  دەستوور کەوا ڕێز لە خواست و مافی تاکەکان بە بوونی بەشداریی گشتی و شەفافیەت لەو پڕۆسەیە لە سەر ئاستی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەرجەستەی بەها و بنەما دیموکراتییەکان بکرێت و نەبێت بە سەرچاوەی بیرکردنەوەی بەدیهێنەری هەڕەشە بۆ سەر ئارامیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

لەم بارەیەوە ناوەرۆکی ئەم توێژینەوە باسکردنە لە گرنگترین پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە پڕۆسەی دانانی دەستوورێکی دیموکراتی، لە میانەی باسکردن لە ئەزموونی پڕۆسەی دانانی دەستووری هەریەکە لە وڵاتانی

ئەفریقیای باشوور ساڵی (١٩٩٦)، دەستووری تونس ساڵی (٢٠١٤)، و بەراوردکردنی لەگەڵ پڕۆسەی دانانی دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥).

## دیاردەکانی بەشداریکردنی نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوورە دیموکراتییەکان

## (توێژینەوەکی شیکاریی بەراوردکارییە)

### پێشەکی

دەستوور وەکوو بەڵگەنامەیەکی یاسایی باڵا جگە لەوەی ماف و ئازادیی تاکەکان دیاریدەکات و گەرەنتیی پاراستنیان دەکات، تیایدا شێوازی فەرمانڕەوایی و سیستەمی سیاسی و شێوەی دەوڵەت دیاریدەکات، بە بنچینەی ڕەوایەتی پێدان بە دەسەڵات لە سەر ئاستی ناوخۆ و تاڕادەیەک لە ئاستی نێودەڵەتیشدا دادەنرێت.

جگە لەوەی بەشداریی هاووڵاتییان لە دانانی دەستوور بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت بە مەبەستی بوونی دەستوورێکی دیموکراتی بۆ ڕێگەگرتن لە خۆسەپاندنی دەسەڵاتداران لە دانانی دەستوورێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. لە هەمان کاتدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بە بوونی کۆمەڵێک پێوەر ڕۆڵێکی کارای ئەبێت لە دانانی دەستوور و بە دیموکراتیکردنیدا. بۆیە لێرەدا جیاواز لە ڕێگە و شێوازی دانانی دەستوور لە پۆلێنکردنیان بۆ دیموکراتی و پێچەوانەکەی لە گرتنەبەری ڕێگە نادیموکراتییەکان، لە سەردەمی ئێستادا و لەکاتێکدا بنیادنانی دەستوور بە ئاڕاستەی گرتنەبەری ڕێگەی دیموکراتی ساغبۆتەوە، لە دانانی دەستوور کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بەشدار ئەبێت بە جەختکردنەوە لە بەرجەستەکردنی کۆمەڵە پێوەرێک کە هەریەکێکیان خۆی دەبینێتەوە لە پرۆسەیەکی سەربەخۆ بە ئامانجی بەدیهێنانی وێنا ڕاستەقینەکەی بنەما دیموکراتییەکان کە لە بنیادی دەستووردا بەدەردەکەوێت لە کۆی پرۆسەکەدا.

هەریەکێک لەو پێوەرانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بناغەی دانانی دەستوور بۆ سەرکەوتن لە گەرەنتیکردنی مافی هەموو تاکەکان لە کۆمەڵگادا. لە بەر ئەوە پرۆسەی دانانی دەستوور بە یەکێک لە پرۆسە گرنگەکانی دادەنرێت لە بە دیموکراتیکردنی کۆمەڵگا، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کەوا لە قۆناغی شەڕ یان قۆناغی ڕاگوزەریدان، بە جۆرێک دەستوور کاریگەری دەبێت لە سەر بنەما دیموکراتییەکان و هێنانە کایەی ئارامی لە وڵات و نەبوونی بە هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆیە دانانی دەستوور لە ئێستادا تەنها تێڕوانینێکی نیشتیمانی نییە بەڵکوو تێڕوانینێکی نێودەوڵەتیشە لە دەستەبەرکردنی مافە دیموکراتییەکانی گەل کە لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی دانپێدانراوە و پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت. بە شێوەیەک پرۆسەی دانانی دەستوور لە سەردەمی ئێستادا بە تەنها بە بەشداریی نێوان لایەنە ناوخۆییەکان بەڕێوەناچێت، بەڵکوو لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بە جیاوازیی لایەنەکان لەو پرۆسەیدا بەشداردەبن، کە ئەمەش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە دانانی دەستوورێکی دیموکراتی و پارێزگاریکردن لەو بنەما دیموکراتییانەی کەوا لە سەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانپێدانراوە و پێویستە بپارێزرێن.

**گرنگیی توێژینەوە:**

گرنگیی ئەو توێژینەوەی لەوەدایە دەستوور لە سەردمی ئێستادا گرنگییەکی زۆری هەیە، جگە لەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی و پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان و پەیوەندیی نێوانیان لەگەڵ هاووڵاتیان و دیاریکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ بە مەبەستی ڕێزگرتنی ئەو دەوڵەتە لە دیموکراتیەت و نەبوونی بە هەڕەشە بۆ سەر ئارامیی نێودەوڵەتی، هەندێک جار لە ڕێگەی بوونی بە ئەندام لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، بۆیە بەشداریکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە

دانانی دەستوور وەکوو بالاترین بەڵگەنامە لە دەوڵەتدا ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە دانانی دەستوورێکی دیموکراتی، و کرانەوە بەرەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەروەکوو لە هەریەکە لە وڵاتانی ئەفریقیای باشوور ساڵی (١٩٩٦) و عێراق ساڵی (٢٠٠٥)، وای کرد دانانی دەستوور بێتە سەرەتایەکی نوێ لە بە دیموکراتیکردن و چوونە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دوای گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتاندا.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە دەرخستنی گرنگیی بەشداریکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوورێکی دیموکراتی بۆ ئەوەی ڕێز لە خواستی هاووڵاتیان بگیرێت، لە حاڵەتی نەبوونی ئەگەری هەژمارکردنی بۆ بە هەرەشە دانانی بۆ سەر بەها دیموکراتییەکان و ئاشتی و ئارامیی نێودەوڵەتی، هەر بۆیە ئەم تویژینەوە گرنگترین ئەو پێوەرانەی کەوا ڕۆڵیان لە بەشداریکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە، دەخاتەڕوو. بە مەبەستی سوود لێوەرگرتنیان لە پرۆسەی دانانی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان.

**کێشەی توێژینەوە**

کێشەی توێژینەوە لە دوو ئاستدا دیاریدەکەین. یەکەمیان، بە ئاراستەی ڕاستکردنەوەی دیدی تیۆری پشتگیریکاریی کورتکردنەوەی گرتنەبەری یەکێک لە ڕێگاکانی دیموکراتی بە تاکە پێوەری دانان بۆ بوونی دەستوورێکی دیموکراتی لە سەر ئاستی ناوخۆدا لە ڕێکخستنی دەستووریدا دابنرێت. دووەمیان، لە سەردەمی ئێستادا تەنها بە بەشداریکردنی لایەنە ناوخۆییەکان ناتوانرێت دڵنیایی بکرێتەوە لە بوونی دەستوورێکی دیموکراتی، کەوا ڕێز لە ڕێسا دەستوورییەکان و ماف و

ئازادییە دیاریکراوەکان و بنەما و بەها دیموکراتییەکان بگرێت و نەبێت بە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئارامیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

**پرسیاری توێژینەوە**

لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین پرسیارەکانی توێژینەوە لە پرسیارێکی سەرەکی و چەند پرسیارێکی لاوەکی کۆبکەینەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

**پرسیاری سەرەکی:** ئایا گرتنەبەری یەکێک لە ڕێگە سەرەکییە دیموکراتییەکانی دانانی دەستوور لە سەر ئاستی ناوخۆ بەسە بۆ وێناکردنی بەرجەستەکردنی بنەما دیموکراتییە ویستراوەکان لە بەدیهێنانی ئامانجی ڕاستەقینە لە گرتنەبەری ڕێگە دیموکراتییەکاندا؟

**پرسیارە لاوەکییەکان:**

١. ئایا ڕۆڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشداریکردن لە پڕۆسەی دانانی دەستوور لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟

٢. ئایا پێوەرەکان چین کەوا لەو ڕێگاوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشدار ئەبێت لە پڕۆسەی دانانی دەستووردا؟

٣. ئایا تا چەند ئەو دەستوورە دیموکراتییە یەکانگیر نابێت لەگەڵ بنەمای سەروەریی دەوڵەتان لە کاتێکدا لایەنی نێودەوڵەتی بەشدار دەبێت لە دانانیدا، دەوڵەتەکە خاوەن سەروەریی تەواویشە، ئەمە لە کاتێکدایە پڕۆسەی دانانی دەستوور وەک بابەتێکی ناوخۆیی ئەژماردەکرێت؟

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

چوارچێوەی ئەم توێژینەوە دیاریکراوە بە باسکردن لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە دانانی دەستوورێکی دیموکراتی، هەروەها باسکردن لە ئەزموونی پرۆسەی دانانی دەستوور لە هەریەکە لە وڵاتانی ئەفریقیای باشوورساڵی (١٩٩٦)، عێراق ساڵی (٢٠٠٥)، و تونس ساڵی (٢٠١٤).

**میتۆدی توێژینەوە:**

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە، پشتمان بەستووە بە میتۆدەکانی شیکاری و بەراوردکاری، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستین بە میتۆدی **(شیکاری)** بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە بوونی پێوەرە نێودەوڵەتییە دیموکراتییەکان لە پرۆسەی دانانی دەستووردا، هەروەها گرتنەبەری میتۆدی بەراوردکاری بۆ بەراوردکردن لە نێوان ئەزموونی بنیادنانی دەستوور لە هەریەک لە دەستووری ئەفریقیای باشوور ساڵی (1996)، دەستووری عێراقی ساڵی (2005)، دەستووری تونسی ساڵی (٢٠١٤)، لەگەڵ ئەوەی بە پێی پێویست لە چەند شوێنێکی تری توێژینەوەکەدا ئاماژە بە ئەزموونی دەستووری لە هەندێک لە وڵاتانی تر دەکەین. لە کاتێکدا ئەگەر خزمەت بە جێباسی توێژینەوە بگەیەنێت.

**پلانی توێژینەوە**

بێگومان بۆ ناساندنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان کەوا لەم ڕێگەوە بەشداری لە پرۆسەی دانانی دەستووری ناخۆیی وڵاتان دەکات، وا پێویست دەکات ئەم توێژینەوە بۆ سێ تەوەرە دابەش بکەین. یەکەمیان، باسکردن لە بەشداریکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە دانانی دەستوور. دووەمیان، باسکردن لە سوودوەرگرتن لە ڕاوێژکاری

شارەزایانی دەستووری وڵاتان. سێیەم و کۆتایی، پەیوەست بوون بە پابەندی نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوور.

### تەوەرەی یەکەم

### بەشداریکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە دانانی دەستوور

مەبەست لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کیانێکی نێودەوڵەتیی هەمیشەییە لە نێوان چەندین دەوڵەت بە ڕێگەی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دروستدەبێت، بە شێوەیەک کە ئەم ڕێکخراوە ئیرادەیەکی تایبەت بە خۆی دروستدەکات، بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵات و تایبەتمەندییانە پیادەبکات، کە لەسەری ڕێککەوتوون. (عوسمان عەلی وەیسی، ٢٠١٢، ٨٥).

بۆ پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بێگومان دانانی دەستوور بنەمایەکی سەرەکییە لە یاساکانی وڵاتدا، کە پشتگیرییەکی فراوانی نێودەوڵەتی هەیە، چەندین جۆر ئەکتەری نێودەوڵەتی لە دارشتنی دەستووردا بەشدارن، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش یەکێکن لەو ئەکتەرانە، کەوا ڕۆڵێکی کارایان لەو پرۆسەیەدا هەیە و لە سەرتاسەری جیهاندا کار دەکەن، بێگومان لە سەرووی هەموشیانەوە بریتییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کەوا لە ساڵانی ڕابردوودا نەتەوە یەکگرتووەکان لە زۆرێک لە پرۆسەکانی دانانی دەستوور بەشداریکردووە، زیاتر لەو وڵاتانەی بە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراتیدا تێپەڕیون، لەوانە ئەو پرۆسانەی بۆ دارشتنی دەستوور لە نامیبیا و کەمبۆدیا لە دوو دەیەی کۆتاییی سەدەی ڕابردوودا ئەنجامدراون، لە هەندێک لەو پرۆسانە بە ئەندازیاری دەستووری ناوبراوە، لە ژێر کاریگەریی پێوەرە ڕۆژئاواییەکان بۆ دیموکراتی بووە، لە چوارچێوەی گواستنەوە یان بە دیموکراتیکردندا بوون، وەکوو ئەو پرۆسانەی لە ئەفغانستان و تیمۆری ڕۆژهەڵات و عێراق بەڕێوەچوون. (ولید احمد الجرجری، ٢٠٢٠، ٢٣٠).

بۆ نموونە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو دەزگایەکی جیهانی بە پێی بەڵگەنامەکەی کاردەکات، کەوا بەرپرسیارە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، و ڕێزگرتن لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ، لەو ڕێگەوە دەتوانێ کاریگەری هەبێت لەسەر دەستووری وڵاتاندا، بەشداریکردنی لە ڕێگەی بەشەکانی دیکەی ڕێکخراوەکەیە لەوانە بەشی کاروباری سیاسی (DPA) و بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)، لە داڕشتنی دەستووردا بەشداری کارایان هەیە . (Saunders, Cheryl,2019,6)

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگای کۆمەڵێک خاڵ و پرەنسیپ بەشداریکردنی لە پرۆسەی دانانی دەستووری دیاریکردووە. بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، دانانی دەستوور چەمکێکی فراوانی هەیە، کە پرۆسەی داڕشتن و دانانی دەستوورێکی نوێ دەگرێتەوە یان چاکسازیکردن لە دەستوور، نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری بۆ دانانی دەستوور دەکات لە ڕێگەی ئەو یاداشتەی، کە ساڵی (٢٠٠٩) لە لایەن سکرتێری گشتیەوە دەرچوو، کە بەشداریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرۆسەی دانانی دەستوور، لە چوارچێوەی کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەها دەبێت لە یارمەتیدانیان بۆ دانانی دەستوور. لە یاداشتەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێک هاوکار دەبێت، کەوا لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆیەوە داوا بکرێت، بەشداریکردنی لە پرۆسەیەکی گشتگیر و شەفافیەتدا دەبێت، و لەسەر بنەمای بەها و پێوەرە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان بێت، ئەو یاداشتەش لە ئەزموونی پێشووی وەرگیراوە لە بەشداریکردنی لەو جۆرە پرۆسانەدا. یاداشتی سکرتێری گشتی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی یارمەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە بۆ دانانی دەستوور و وەک پرۆسەیەکی ناوخۆیی سەروەری بناسرێت، کە ڕەوایەتی هەبێت و سەرکەوتوو بێت لە چوارچێوەی

دەوڵەتی دیاریکراو بێت و لە لایەن خودی دەوڵەتەکەوە خاوەندارێتی و سەرکردایەتی بکرێت،.نەتەوە یەکگرتووەکان شەش بنەما دیاریدەکات، کە پێویستە بۆ ئەوەی ڕێنوێنی لایەنە ناوخۆییەکان بکات بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی دانانی دەستووردا بکات. ئەوانەیش: ١_ هەوڵدان بۆ هێنانەدیی ئاشتەوایی. ٢_ هاندانیان بۆ پابەندبوون بە بنەما پێشکەوتووە نێودەوڵەتییەکان. ٣_ دڵنیابوون لە خاوەندارێتیی نەتەوەیی. ٤_ پشتیوانیکردن لە بەشداریی گشتی و شەفافیەتدا. ٥_ فراوانکردنی شارەزایی و هەماهەنگی. ٦_ بەرزکردنەوەی بەدواداچوونی پێویست.

(Secretary-General, U. N, 2009). کە لەم ڕێگاوە پابەندبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتگیری بۆ دانانی دەستوور دووپاتدەکاتەوە. بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە پێشنیازی هاووڵاتییان بۆ دەنگ و گەشەپێدان و یاسا و لێپرسینەوە لە لایەن سیستەمە بەهێزەکانی حوکمڕانی دیموکراتییەوە جێبەجێبکرێن. ئەم ڕێنوێنییە ئامانجی ئەوەیە چوارچێوەیەک بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایانە لە دانانی دەستوور دابینبکات، لەگەڵ بوونی پلانێکی ستراتیژیی پشتگیر لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. جەخت لەوە دەکاتەوە، دانانی دەستوور لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی سیاسییە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییان لە ژێر ئەم یاسایەدا دیاردەکات. (Magdy Martínez-Solima, 2014,9)

ڕێکخراوە هەرێمییەکانیش، لەوانەش یەکێتیی ئەوروپا، یەکێتیی ئەفریقا و ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکا و کۆمەڵێکی تر، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامەکانیان بە شێوەیەکی گشتگیر لە دانانی دەستووردا بەشداربوون (Mischa Wiebusch,2016, 16)، هەروەکوو هەریەکە لە یەکێتیی ئەورووپا و ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا (OAS) بە فەرمی ڕایدەگەیەنێت، پێوەری دیموکراتی مەرجی ئەندام بوونە لەو ڕێکخراوەدا (Ndulo, Muna B, 2014,7).

پەیماننامەی یەکێتیی ئەفریقی جەخت لە پشتگیریکردنی دیموکراتی دەکات، هەروەکوو لە ماددەی(٣) بە بوونی کۆمەڵێک بنەما و بەها ئاماژەی داوە بە یاسای دەستووری، کە دەبێت لە دەستووری وڵاتە ئەندامەکاندا هەبێت، ئەوانەیش بریتین لە: ١_ بوونی پرەنسیپ و دامەزراوە دیوکراتییەکان، بە بەشداری جەماوەر و بوونی حوکمڕانییەکی باش. ٢_ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە پێی دەستووری ئەفریقی و ئامرازەکانی تری پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ. ٣ _ بوونی حوکمڕانییەکی باش لە ڕێگەی بە دامەزراوەییکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە. ٤ _ بوونی یەکسانیی جێندەری. ٥ _ ڕێزگرتن لە پرەنسیپە دیموکراتییەکان، مافی مرۆڤ، ڕۆڵی یاسا و حوکمڕانییەکی باش. (African Union Constitutive Act, 2000)

پشتیوانیکردنی کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ دیموکراتی، ناسراو بە (کۆمسیۆنی ڤینیسیا) لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا پەیوەندیی فەرمی هەیە، کەوا کۆمیتەکە دەستەیەکی پسپۆڕی ڕاوێژکارییە بۆ سەرخستنی دیموکراتی و یاسا و ڕێکارەکان، بەرپرسیاریەتی دیاریکراوی هەیە، کە توانایان هەیە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە دانانی دەستووری وڵاتانی ئەندام بکەن (Paul Craig, 2017,61) ئەم کۆمسیۆنە بوو بە ئەکتەرێکی پەیوەندیدار لە هەڕەشەکانی ئەم دواییەی سەر دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، وەکوو لە ساڵی (٢٠١٠) کۆمیسیۆن چەند بۆچوونێکی، بۆ پێداچوونەوە بە دەستووری نوێی هەنگاریا پێشکەش کرد، هەروەها ئەو یاسایانەی کە بە نیازن جێبەجێی بکەن. لە ساڵی (٢٠١١)دا کۆمیسیۆن ڕەخنەی لە دوورخستنەوە و بێبەشکردن و خێرا و شەفافانەی پرۆسەی پێکهێنانی دەستوور گرت، هەروەها نیگەرانیی خۆی دەربڕی سەبارەت بە هەندێک لە بەندەکانی دەستووری نوێ، وەک سنووردارکردن لەسەر دەسەڵاتی دادگای دەستوور. (Landau, David, 2017,110)

ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەگەڵ لایەنە ناوخۆییەکان لە پڕۆسەی دانانی دەستووردا بەشداردەبن. نموونە بەرچاوەکان بریتین لە ( nternational Institute for Democracy and Electoral Assistance)[١] کەوا لە ڕێگەی ویبسایت، ConstitutionNet.org، هەولی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی لە بارەی پڕۆسەی دانان، کە ئامۆژگاری لەسەر کێشە سەرەکییە بنچینەییەکان وەک دیزاینەکە دابینەدەکات لە بارەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی حکومەت و شێوەی لامەرکەزیەتی، (Interpeace)[٢]، کەوا بە شێوەیەکی تیم کاردەکات لە ژێر ناوی 'دەستورسازی بۆ ئاشتی'، یەکەم هەوڵی سەرەکیی ئەم تیمە دەرکردنی کتێبک بوو لەساڵی ٢٠١١ بە ناوی ( Constitution-making and Reform: Options for the Process.) کەوا بە شێوەیەکی فراوان باس لە پڕۆسەی دانانی دەستوور دەکات، بە شێوەی تیم کار دەکات لە ژێر ناوی 'دەستوورسازی بۆ ئاشتی'، یەکەم هەوڵی سەرەکیی ئەم تیمە دەرکردنی کتێبک بوو لە ساڵی ٢٠١١ بە ناوی ( Constitution-making and Reform: Options for the Process.)، کەوا بە شێوەیەکی فراوان باس لە پڕۆسەی دانانی دەستوور دەکات، و (United States Institute of Peace)[٣] و (Public International Law & Policy Group)[٤] و دامەزراوەی ئاسیایی (National Democratic Institute)[٥] ئەو بابەتانەی کەوا گرنگی پێدەدەن لەوانە: مافی مرۆڤ، سەروەریی یاسا، ئاشتەوایی لە نموونە دیارەکانن (Rhodri C. Williams,2013, 29) .

جیاواز لە ئەزموونە دەستوورییەکان لە وڵاتانی تر لە کاتی گواستنەوە لە دەسەڵات لە دوای ململانێ یان دوای جەنگی سارد لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یان ناوچەیی یان تەنانەت دەوڵەتان، لە پڕۆسەی دانانی

دەستوور لە ئەفریقیای باشوور تا ڕادەیەک ڕۆڵێکی کەمیان گێڕا. لە ساڵی (1989)، ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقی بەیاننامەیەکی دەرکرد بە مەبەستی پشتگیرکردن لەو پڕۆسەیە بۆ هەندانی لایەنەکان بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لە بارەی پڕۆسەی دانانی دەستوور، هەروەها لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە تایبەتی ئەمریکا بۆ بەڕێوەچوونی ئەو پڕۆسەیە هانی حکومەتی ئەو کات دراوە بە دابینکردنی زەمینەی پێویست هەروەکوو لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوا کرا بە لابردنی بەربەست لە بەردەم پارتە سیاسییەکان و هەڵگرتنی باری لە ناکاو، هەروەها ڕێگەدان بە گەڕانەوەی ئەو کەسانی لە دەرەوەی وڵاتن. لابردنی هەموو ئەو یاسایانەی، کەوا جیاکاری دەکەن، واتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یارمەتییاندا بۆ فراوانترکردنی ئەو ژینگەیەی دانوستانی تێداکراوە، واتە پڕۆسەکە بە تەواوی لە لایەنی ناوخۆییەوە بەڕێوەدەچوو (Ebrahim, Hassen, and Laurel E. Miller, 2010, 143).

سەبارەت بە دەستووری تونس بێگومان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (٢٠١١) ەوە چەندین ڕێکخراو هاوکار بوون و ڕۆڵیان بینوە وەکوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە هەرێمییەکان و ڕێکخراوە هەمەلایەنەکانی، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا و هەروەها حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکانیش لە ناوچەکە بەشدارییان تێداکردووە، کەوا ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەستوور ئامادەییان هەبووە، لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان ڕاوێژ بکەن بە تایبەتی سەبارەت بە بنەما و بەها نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی لە دەستووردا جێگیربکرێت، بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) بە پاڵپشتیکردنی حکومەتە جۆراوجۆرەکان، گەورەترین هاوبەشی دەرەکیی ئەنجوومەنی دەستووری نیشتمانی بوو لەم پڕۆسەیەدا. بە جۆرێک ئەو دەزگایە لە بەهێزکردنی چارەنووسی

دامەزراوەیی و لە ڕێکخستنی دانیشتنەکانی دیالۆگی نەتەوەیی لە وڵاتدا پشتگیریی ئەنجوومەنەکەی کرد. ئامانجی سەرەکی لە پشتیوانیکردنی بۆ ئەنجوومەنەکە، پەرەپێدانی میکانیزمەکان بوو، بۆ ئەوەی کارئاسانی لە بەشداری هاووڵاتییان و کۆمەڵگای مەدەنی لە پرۆسەی دارشتنی دەستوور بێتەکایەوە )دیمیتر تشالیف، مازن شاقورة، أبو عباس،٢٠٢٠)،

لە ڕووی دارایشەوە زۆربەی یارمەتییەکان لە ڕێگەی دەزگای گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بووە، کە بە زیاتر لە (١٨) ملیۆن دۆلار لەگەڵ پێداویستییە کارگێڕییەکان پێشکەش بە ئەنجوومەنی دەستووری کردووە، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراتی، کە ڕێکخراوێکی ناحکومیی نێودەوڵەتییە چەندین لایەنی سیاسی و ئەندامانی ئەنجوومەنی دەستووری نیشتمانی لەسەر پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و ئەزموونە بەراوردکارییەکانی دارشتنی دەستوور بەشداری کردووە، جگە لەوە ڕێکخراوەکانی تر لەوانە پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی و هاریکاری هەڵبژاردن و پەیمانگای ماکس پلانک شارەزاییان، لە ڕێگەی کۆنفرانس و سیمینار و دانیشتنەکانی کارکردن لەسەر کێشەکانی پەیوەست بە ناوەرۆکی دەستوور دابینکردووە. لیژنەی (ڤینسیا)، کە دەستەیەکی ڕاوێژکاریی ئەنجوومەنی شارەزایانی یاسای دەستووریە لە ئەوروپا، تێبینی سەبارەت بە ناوەرۆکی ڕەشنووسی کۆتایی دەستوور، ڕاسپاردەی پێشکەش بە کۆمەڵی دەستووری نیشتمانی کردووە (عملية صياغة الدستور في تونس، ٢٠١٥، ٩١).

هەندێک جار لە چوارچێوەی پشتگیرییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەنجوومەنی دەستووری نەتەوەیی زنجیرەیەک گەشتی ڕاهێنانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات هەبووە، لەسەر کۆمەڵێک کێشەی جۆراوجۆر، ئەم پشتگیرییە بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن بەسوود بوون، بەڵام کاتەکەی زۆرجار گونجاو نەبووە و هەماهەنگی پێویستی بۆ نەکراوە لە بەر

سەرقاڵبوونی ئەندامانەکانی بە کاری لیژنە و کۆبوونەوە گشتییەکان، کە ئەمەش وای دەکرد هەندێک جار ئەندامان بەشداری کۆبوونەکان نەکەن، بۆیە وا دەردەکەوێت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان شکستیان هێنابێت لە ڕێزگرتن لە پابەندییەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی دامەزرێنەری نیشتمانی بۆ بەشداریکردن لە کاری ڕۆژانەی دانیشتنەکانی لیژنەکە (عملية صياغة الدستور في تونس، ٢٠١٥، ٩٢).

هەروەها دامەزراوەی (کارتەر)[٦] بەردەوام کاریکردووە بۆ پشتگیریکردن لە ئاژانسەکان و کۆمپانیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی نێودەوڵەتی لە تونس (عملية صياغة الدستور في تونس، ٢٠١٥، ٩٣)، جگە لەو دامەزراوەیە، چەندین گرووپی تری مافی مرۆڤ لە نزیکەوە چاودێریی پرۆسەی دانانی دەستوور و ڕاپۆرت و ڕاسپاردە و نووسراویان بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی دەستووریی نیشتمانی کردووە.[٧]

سەبارەت بە بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی لە دانانی دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) لە دوای گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەموو قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دانانی دەستووردا ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە، سەرەڕای بوونی بارودۆخێکی هەستیار بە هۆی نەبوونی ئاسایش و ئارامی لە وڵاتدا، بە شێوەیەک بۆ هیچ کەسێک جێگای ئەمان نەبوو، تەنانەت بۆ نوێنەرە دیبلۆمەسییەکانیش هەروەکوو تیرۆرکردنی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و دیپلۆماتکاری بەڕازیلی (سێرجیۆ ڤیرا دی میلۆ) کاتێک بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو هێرش کرایە سەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا، بە هۆیەوە (١٧) کەس گیانیان لە دەستدا و (١٠٠) کەسیش برینداربوون و (نادیە یونس) بەرپرسی باڵای ڕێکخراوەکە بە ڕەگەزنامەی میسری و دی میلۆ لە نێو کوژراوەکاندا بوون (مقتل سيرجيو دي ميلو في العراق، الأمم

المتحدة، ٢٠٠٣). کەمیی کات لە بەردەم لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، بەڵام لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی بڕیاری ژمارە (١٥٤٦) لە (٢٠٠٤/٦/٨) بڕیاری پێکهێنانی (تیمی پاڵپشتی دەستووری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق) بە سەرۆکایەتیی (نیکۆلاس هایسم) درا (سرهنک حمید البرزنجي، ٢٠٠٩، ٧٥). هەروەها لە ڕێگەی نوێنەری تایبەتی خۆیان (ابراهیم الاخضر) لە سەرەتای دەستکردن بە پرۆسەی ئامادەکردنی دەستوور بەدەرکەوت کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە بە نێوەندگیرکردن لە نێوان هەریەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕابەری شیعەکان (ئایەتولا سیستانی)، بە جۆرێک هەریەکە لەوانە پێشنیازی خۆیان هەبووە سەبارەت بە دانانی دەستوور، ئەمریکا دەیویست دەستوورەکە لە لایەن کەسانی هەڵبژێردراوە دابنرێت، هەروەها سیستانیش پێداگری لەسەر دانانی دەستوور لە لایەن کۆمەڵەیەکی هەڵبژێردراوە دەکرد (میشیل براندت، جیل کوتريل، یاش غاي، وأنطوني ڕيغان، ٢٠١٢، ٣٣٨_٣٣٩).

هەروەکوو (ئەشرەف قازی) نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەو کات لە عێراق پێیوایە، کە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها نێوەندگیریی نێوان حکومەتی عێراق و لایەنە نەیارەکانی نەبووە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەی نێوەندگیرییان کردووە، بەڵام بە هەموو شێوەیەک یارمەتیی تەکنیکی و زانیاری و کەسانی شارەزا دابیندەکەن، کە بەشێک بوو لە کاری یونامی، کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، بە جۆرێک ئەم یەکەیە لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا بەردەوام کاریکردووە. بۆیە (ئەشرەف قازی) دەربارەی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئامادەکردنی دەستووری نوێی عێراق ئاماژە بە دوو ڕۆڵی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. ڕۆڵی یەکەم: هاندانی هەموو لایەنە عێراقییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر کۆببنەوە و گفتوگۆ

بکەن و بگەنە ڕێککەوتن و لە پرۆسەی دانانی دەستوور بەردەوام بن. ڕۆڵی دووەمیشیان، ئاڵوگۆڕی زانیاری و دابینکردنی شارەزایان لە وڵاتانی تری جیهان، کە ئەزموونێکی هاوشێوەیان هەبووە لە داڕشتنی دەستوور و ڕووبەڕووبونەوەی گرفتەکانی، هاوکاریکردنی لیژنەی دانانی دەستووری ئەنجوومەنی نیشتمانی بە دابینکردنی بەرنامەی زانیاری و پەروەردەیی بۆ تەواوی خەڵکی عێراق بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی دانانی دەستوور بکەن (د. نجم عبود مهدي، ٢٠١٤، ٨٨٧).

هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی داراییان لەو پرۆسەیە داوە بە ئامادەکردنی نووسینگەی پەیوەندی و دیالۆگی گشتی، کەوا ئەرکی بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر دەستوور لە ناو جەماوەردا و وەرگرتن و شیکردنەوەی کاردانەوەکانی، پێکهاتەی ئەم نووسینگەیە بە هاوکاریی شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوانە سکۆت کارلسۆن کە ڕاوێژکاری کۆمیسیۆنی دەستووریی ئەلبانیا بوو، پەیمانگای ئاشتیی ئەمریکی ئامادەکرا (جوناثان مورو ، ٢٠٠٨، ٢٦).

یەکێکی تر لە کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی چاپکردنی ڕەشنووسی دەستووری لە ئەستۆگرت بۆ ئەوەی دابەشیبکات بە سەر هەموو هاووڵاتییانی عێراق بەبێ جیاوازی، ئەمەش بۆ ئەوەی هاووڵاتییان ئاگاداری ناوەرۆکی دەستوور بن لە بەر ئەوەی بڕیاری کۆتایی بۆ گەل بوو (رێبین محمد سوفی، ٢٠٠٧، ١٨٤).

هەربۆیە جگە لە نووسینگەی پشتگیریی دەستووری، کەوا لە بەغدا دامەزرا و هەروەها نووسینگەیەکی پشتیوانیی هەرێمیش لە عەممانی پایتەختی ئوردن دامەزرا بوو، ئەم نوسینگانە شارەزایانی نێودەوڵەتی تایبەت بە کاروباری دەستووری لەخۆدەگرت. نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە بۆ دانانی میکانیزم بۆ بەشداریی گشتی لە داڕشتنی

دەستوور کردووە بە دابینکردنی زانیاریی گشتی بۆ لیژنەی دانانی دەستوور لەسەر بابەتەکانی یەکسانی جێندەری و فیدراڵیزم و ڕۆڵی دین لە دەوڵەت و پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان (عبد العزیز ڕمضان الخطابی، ٢٠٠٧، ٢٨٢).

بۆیە دەکرێت بڵێین گرنگترین یارمەتییەکان بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئەمانە بوون:

١ ـگرتنەبەری ڕێگای دیبلۆماسیەت بۆ لێکنزیککردنەوەی بۆچوونەکان و بەدیهێنانی تەوافوق (سازان) لە نێوان لایەنەکانی پڕۆسەی سیاسی لە عیراق بە مەبەستی بەدیهێنانی تەوافوقی نیشتمانی (سازانی نیشتمانی) (عبد العزیز ڕمضان الخطابی، ٢٠٠٧، ٢٨٢).

٢ـدابینکردنی شارەزاییی تەکنیکی و پراکتیکی لە بابەتی جێبەجێکردن لەسەر دەستوور و پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە و ڕاوێژکاریی قووڵ لەسەر بابەتە گشتییەکان کە مشتومڕ لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا دروستدەکات (عبد العزیز ڕمضان الخطابی، ٢٠٠٧، ٢٨٢).

٣ـ برەودان بە گشتگیری و بەشداریی جەماوەری لە پڕۆسەی دانانی دەستوور و دابینکردنی زانیاری و هۆشیاری لە میدیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ئەنجامدانی دیالۆگ و گفتوگۆ لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی دەستوور لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق (عبد العزیز ڕمضان الخطابی، ٢٠٠٧، ٢٨٢).

لەم بارەیەوە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان زیادی کرد. دوای ئەوەی لێژنەی دەستووری لە (٨ ی ئابی ٢٠٠٥) کارەکانی تەواوکرد لەسەر حسابی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەتی، کە باڵیۆزخانەی ئەمریکا

له بەغدا لە ١٢ی ئابدا، بە مەبەستی خێراکردن لە پرۆسەی دارشتنی دەستوور بالیۆزخانەی ئەمریکا دەستیکرد بە دابەشکردنی رەشنووسی دەستووری داهاتوو بە زمانی ئینگلیزی رەشنووسەکە شێوەی دەقێکی وەرگرت، کەوا (بەدوایەکداهاتن و گۆڕانکاری)ی وەرگرتبوو و بە شێویەک ڕا و سەرنجی ئەمریکییەکانی لەخۆدەگرت بە مەبەستی بەهێزکردنی سیستمی فیدراڵی و دادوەری و مافەکانی مرۆڤ و ڕیشەکێشکرنی ڕژێمی بەعس و چەند کارێکی تر (سرهنك حميد البرزنجي، ٢٠٠٩، ٧٩).

بۆیە بە بەراوردکردن لە نێوان پرۆسەی ئامادەکاریی دەستووری دەوڵەتانی هاوشێوە دەکرێ بڵێین ڕۆڵی ڕێکخراوە نێوەدەوڵەتییەکان لە دانانی دەستوور ڕۆڵێکی گرنگ بووە، بەشێوەیەکی جیاواز بووە، هەروەکوو لە دانانی دەستووری عێراق و تونس زیاتر بووە بە بەراورد لە دەستووری ئەفریقیای باشوور، لە زۆر لایەنەوە هاوکار بوون، وەکوو دابینکردنی کەسانی پسپۆڕ و یارمەتیدان لە لایەن داراییەوە بۆ بە ڕێوەچوونی پرۆسەی دانانی دەستوور، بە هۆی ئەو بارودۆخەی عێراق پێیدا ڕۆیشتووە، وەکوو پێشخانی فەرمانڕەوایی سیستەمی دیکتاتۆری و نەبوونی باری ئەمنی لە وڵاتدا، وای کرد ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکخراوەکانی تر زیاتر بێت و بە شێوەیەکی فەرمی کای کردووە لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیاری (١٥٤٦)ی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەڵام لە تونس ڕێکخراوەکان بە گشتی هەموویان ڕۆڵیان هەبووە لەو پرۆسەیدا، وەکوو نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپا و هەروەها حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکانیش کە لە ناوچەکەدان بەشدارییان تێدا کردووە. بەڵام لە ئەفریقیای باشوور کاریان زیاتر لەسەر فروانکردنی و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو کردووە، ئەمەش بە هۆی بوونی جیاکاریی ڕەگەزی لەو وڵاتدا. بۆیە دەکرێ ئاماژە بەوەش بدەین، کەوا پشتگیریی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە عێراق بە هۆی پاڵپشتیی وڵاتانی

دیاریکراو، وەک ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا بووە کە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە ویستی سیاسی و نێودەوڵەتیی خۆیان بەجێگەیاندووە، بە تایبەتی لە دامەزراندنەوەی حوکمڕانیی نوێی عێراق.

**تەوەرەی دووەم**

## سوودوەرگرتن لە ڕاوێژکاریی شارەزایانی دەستووری وڵاتان

لە پڕۆسەی دانانی دەستوور لە کاتی ئێستادا شارەزایی دەستووری لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە گشتی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری لەسەر ناوەڕۆکی دەستوور، زۆربەی بابەتە دەستوورییە یاساییە ئاڵۆزەکان دەربارەی حوکمڕانیەتی وەک بابەتەکانی پەیوەندیدار بە فیدراڵیەت، و دابەشکردنی داهاتەکان و پاراستنی ژینگە و دەسەڵات و سنووردارکردنی هەر سێ دەسەڵاتەکانی حکومەت و مافی مرۆڤ و هاوولاتیبوون، کە هەریەکەیان لەوانەیە گەرەنتی هێنانی شارەزای تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی هاوبەشە نەتەوەییەکان لە بارەی ناوەڕۆکی ڕەشنووسی کۆتایی دەستوور بۆ خەڵک فکات (Magdy Martínez-Solima 2014,31)،

لە کاتێکدا جەخت لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی نیشتمانی لە دانانی دەستووردا دەکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانەرانی دەستوور دەتوانن سوودێکی زۆر لەو پشتیوانییە ببینن، کە لە لایەن ئەکتەرە دەرەکییەکانەوە پێشکەشدەکرێن. یەکێک لەو لایەنانەش سوود بینینە لە کەسانی پسپۆڕ، کە لەسەر کێشە تایبەتەکان بۆ ئامۆژگاریکردن لەسەر بژاردەی دیاریکراو بانگهێشتکراون، وەکوو کەسانی بێلایەن و پسپۆڕ ڕۆڵبگێڕین بۆ نێوەندگیری لە نێوان لایەن ناکۆکەکان (وینلاک واهیو، ٢٠١١، ١٨).

شارەزایانی بیانی هەندێ جار وا دەبینرێن، کە باشتر دەتوانن ئامۆژگارییەکی بێلایەنانە پێشکەش بکەن، وەکوو لە کاتی دانانی دەستووری دەوڵەتی مالیزیا بووە هۆی گەیشتن بە ڕێککەوتن، بە جیاوازیی سیاسیی ناوخۆیی و لە ئەنجامدا دەستەی شارەزایانی نێودەوڵەتی بۆ ڕاسپاردە دروستبوو، بە هەمان شێوە دەستووری نامیبیا لەسەر داوای ئەنجوومەنی یاسادانان لە لایەن سێ پسپۆڕی بیانییەوە گەڵاڵەکرا، کە تێیدا کۆمەڵێک بنەمای فراوانی لەخۆگرتبوو لایەنە سیاسییەکان لە نێوان خۆیان لەسەری ڕێککەوتبوون، بە هەمان شێوەی شارەزایانی بیانی لە ئەفریقیای باشوور ڕۆڵی دیاریان هەبوو. لە ساڵی (١٩٩٦) لە کاتی داڕشتنی دەستوورێکی نوێ لە (فیجی)[٨] ڕۆڵی ڕاوێژکارە بیانییەکان (لەسەر ئاستی سیاسی و تەکنیکی) بە ڕوونی دیاربوو، زۆربەی ئەو کۆمیسۆنانەی، کە لە ژێر پرۆسە نوێیەکاندا دامەزراون بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی دەستووری و سیاسی بوون، بۆیە پێویستە شارەزایان ئاگادار لە بارودۆخی ناوخۆیی و مێژووی ئەو وڵاتە بن.[٩]

ڕاوێژکارە بیانییەکان لە زۆربەی ئەم ژینگانەدا ڕۆڵی ڕاوێژکاریی کاریگەر و ڕاهێنانیان گێڕاوە، بۆ ئەنجامدانی چەند ئەرکێکی جۆراوجۆر هاوکاری کردوون، لەوانە دابینکردنی شارەزایی دەستووری لەسەر چۆنیەتیی ڕێکخستنی پرۆسەکە، ناوەرۆکی دەستوور، دروستکردنی سایت، سیستمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری، سیستمەکانی دارایی، پشتگیری بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە گەورەکان، ئەوان لە چەندین کەناڵی جیاواز کاردەکەن. واتە ڕاوێژکارێکی بیانی تەنها کەسێک نییە یەک کار بکات، بەڵکوو یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان، کە ئەمەش پێویستی بەوەیە ڕاوێژکارە بیانییەکان شارەزایی تایبەتیان هەبێت، نەک تەنها لە گواستنەوەی زانیاریدا، بەڵکوو تێگەیشتنێکی باش لە ژینگەی ناوخۆیی -

مێژوو و کلتووریی ئەو وڵاتە (ميشيل براندت، جيل كوتريل، ياش غاي، وأنطوني ڕيغان، ٢٠١٢، ١٦٢).

پسپۆڕان و شارەزایانی تایبەتمەندی بیانی لەگەڵ ئەوەی لە یارمەتیدانی دانەرانی نێوخۆیی ڕۆڵێکی باش دەگێڕن، بەڵام بێ ڕەخنەش نەبووە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە ژێر داگیرکاری بوون وەکوو لە دانانی دەستووری هەریەکە لە وڵاتەکانی ئەفغانستان و عێراق، کەوا لە ژێر داگیرکاریی ئەمریکا بوون بە جۆرێک ڕۆڵی زانایانی ئەمریکی بە تایبەتی جەختیان لەسەر ئەوە کردووە، کە دەست بە سەر پڕۆسەی دانانی دەستووردا بگرن و زاڵبن بەسەریدا.(Aucoin, Louis, 2004, 89) .

یارمەتیدانی نێودەوڵەتی لەو ڕووەوە ڕووبەڕووی ئالنگاری دەبێتەوە، چونکە هەندێک ئەکتەری ناوخۆیی لەوانەیە دژایەتیی بوونی شارەزایانی نێودەوڵەتی بکەن، بەوەی بڕوایان وایە پڕۆسەی دانانی دەستوور پڕۆسیەکی سەروەری نێوخۆییە، بۆیە شارەزایانی نێودەوڵەتیش پێویستە ڕێز لە پێگەی ئەکتەرە نیشتمانییەکان بگرن، لە پێگەیان تێبگەن. لەگەڵ ئەوەش بەشداری شارەزایانی بیانی گرنگە، کاتێک یارمەتی ڕێکخستنی وۆرکشۆپێک دەدەن لەسەر مەسەلە تایبەتەکان بۆ ئەوەی لە دەستووردا بخرێتە بەر باس، یان سەرچاوەکان و بەڵگەنامەکانی تر و پێدانی زانیاری لەسەر ئەزموونی بیانی دابینبکەن، تاکوو لایەنەکانی بەشدار لە پڕۆسەی دانانی دەستووردا سوودیان لێوەربگیرێت، کە بۆ چارەسەرکردنی چەندین بابەت بەکاردێت، دەریدەخات وڵاتانی تر چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بابەتانە کردووە، کە لە چوارچێوەی ململانێی ڕەگەزی و دابینکردنی زانیاری لەسەر پێوەر و میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان و دابینکردنی هاوکاریی تەکنیکی بۆ دامەزراندنی دامەزراوەکان بۆ داڕشتنی یاسا و جێبەجێکردنی، لە دابینکردنی ئەم هاوکارییەدا پێویستە لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە کەش و هەوای سیاسیی ناوخۆیی تێبگەن. بەوەی

پرۆسەی دانانی دەستوور لە کۆتاییدا پرۆسەیەکی سیاسیی ناوخۆییە (دزیدک کیدزیا، السید/ ڕوبرت هازبندز، ٢٠١٣، ٢٩).

پێویستە لیژنەکە باشترین ڕێگا بۆ بە کارهێنانی شارەزیان دیاریبکات، بۆ گواستنەوەی ئەزموونی پسپۆڕان لە ڕێگەی ڕاوێژ و ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و خوێندنەوە سوودیان لێوەربگیرێت، دامەزراندنی سکرتاریەتێکی تایبەت بە شارەزایان، لە ڕێگەی ئەندامێتیی لیژنەکە و ئەنجوومەنی دامەزرێنەر، و سوودوەرگرتن لە ئەزموونیان بە دوو شێوازی جیاواز دەبێت؛ یەکەمیان، ئەوەیە ئەندامانی لیژنە یان سەرکردە سیاسییەکان بۆ وڵاتانی پەیوەندار گەشتدەکەن. دووەمیان، بانگهێشتی شارەزایانی بیانی دەکرێت. بێگومان شێوازی دووەم بەسوودترە بۆ لیژنەکە، لە بەر ئەوەی کاتێک شارەزایانی بیانی بانگهێشت دەکرێن بەشداری لە کۆبوونەوە و گفتوگۆی گشتیدا دەکەن و لە دۆخ و گرفتەکانی ناوخۆ فێردەبن و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیدا کۆدەبنەوە. بێگومان لێرەشدا پێویستە هاوسەنگی لە نێوان بەشداریی جەماوەری و بەشداریی شارەزایان ڕابگیرێت، کە ئەوەش ئاسان نییە، مەترسی ئەوەی هەیە، بەشدارییەکی زۆر بەرز لە پرۆسەکەدا هەبێت، بە فراوانکردنی ئەم بەشدارییە لە دانانی دەستووردا دەبێتە هۆی دەرچوون لە پرەنسیپە گشتییەکان و ناساندنی زۆر وردەکاری بەهۆی بێمتمانەیی بە شارەزایان، مەترسیی پرۆژەیەکی لاوازی لێ دەکرێ، بەبێ یەکڕیزیی گشتی و گونجان لە دەستووردا، هەروەها سەختیی گەیشتن بە سازان لە نێوان لایەنەکاندا، لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی کاتی زیاتر بە شارەزایان، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر سەرنج بخەنە سەر لایەنە تەکنیکییەکانی دۆکیومێنتەکە لەسەر حسابی کارە گرنگەکان (فرانشسکا بیندا، أندرو أليس، جوران فيشيک، ياش غاي، بن ڕايلي، ٢٠٠٥، ١١).

هەرچەندە ئەمە وا دەکات، کەوا بەشداریی خەڵک کەمتر بێتەوە، بەڵام خەڵک لە ڕێگەی نوێنەرەکانی دەتوانێ کاریگەری هەبێت و بەشداریی دیالۆگ بکات، لەگەڵ لیژنەکە بەشداری لە پرۆسەی دەستووردا بکەن و بتوانن بەرژەوەندییەکانیان بخاتە بەردەمیان، هەوڵی فراوانکردنی ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا بدەن (Lamichhane, Bimal Prasad, 2020,45).

بەڵام سەرباری ئەو ڕەخنانە ناکرێ ڕۆڵی شارەزایانی بیانی کەمبکرێتەوە بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا دەتوانرێت ئەو گومانانەی، کە هەن دەبنە کێشە بە دیاریکردنی ڕۆڵەکانیان لە قۆناغە یەک بە دوای یەکەکان تا ڕادەیەک کەمبکرێنەوە، و لە قۆناغی پەسەندکردنیش ڕۆڵی شارەزایان گرنگە، بە تایبەتی کاتێک دێتە سەر مەسەلەکانی پەیوەست بە بوارە یاساییەکان و گەیشتن بە ئەزموونە دەرەکییەکان و دیاریکردنی وردەکارییەکان و یەکخستنی ڕەشنووسەکە لە ناو بەڵگەنامەکەدا (فرانشسكا بيندا، أندرو أليس، جوران فيشيک، ياش غاي، بن ڕايلي، ٢٠٠٥، 12).

بۆیە ڕاوێژکارە بیانییەکان ڕۆڵێکی زۆر جیاوازیان لە دەستووری هاوچەرخدا هەیە، ئەوان زانیاری سەبارەت بە جۆرەها مۆدێلی دەستوور دابیندەکەن، لە کاتێکدا ماف دەدەنە لایەنە ناوخۆییەکان تا لە نێویاندا یەکێک هەڵبژێرن. بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، ئەمڕۆ ڕاوێژکاران ئامۆژگاری پێشکەشدەکەن لەسەر مۆدێلە بەراوردکارییەکانی پرۆسەکە. هەروەکوو پەیمانگای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئاشتی (USIP) پێیوایە پرۆسەی ئامادەکردنی دەستوور لە سەدەی بیست و یەک هەڵدەستێت بە دووبارە پێناسەکردنی نەریتی درێژخایەنی شارەزایی درووستکردنی دەستوور و هێنانی بۆ چوارچێوەی بەشداریکردنی دیموکراسی، بە پێی ئەم بۆچوونە، ناتوانرێت دەستوورێکی دیموکراتی بۆ

نەتەوەیەک بنووسرێت، لە جیاتی ئەوە دەبێت بەرهەمی پرۆسەیەکی "پێگەیشتووی ناوخۆیی" بێت، کە خەڵک تێیدا بەشداریدەکات و هەستی خاوەندارێتی پەیدا دەکات. (Aucoin, Louis, 2004, 90)

ئەکتەرێکی تری نێودەوڵەتی، کە بەشداری لە دارشتنی دەستووردا دەکەن بریتین لە دەوڵەتی تاک، یان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتێکی تر بەشدار دەبن. بە هۆکاری جیاواز لەبەر بوونی بەرژەوەندیی هاوبەش، وەک دراوسێ بن یان وڵاتانی کۆمەکبەخش بن، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە وەکو ڕێکخراوەکانی پارێزەران و یەکە ئەکادیمییەکان یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، لەو جۆرانەی پێشوو باسکراون لە پرۆسەی دانانی دەستوور بەشدار دەبن (.Saunders, Cheryl,2019,8). وەکوو دانانی دەستووری نیپاڵساڵی (٢٠٠٤) کاتێک سەرۆکوەزیرانی نیپال داوای لە سەرۆکوەزیرانی هیندستان کرد، کە یارمەتی بدات لە ناردنی شارەزایانی هیندستان بۆ دانانی دەستووری نیپاڵ.[١٠]

سەبارەت بە دەستووری ئەفریقیای باشوور ساڵی (١٩٩٦) بە پێچەوانەی ئەزموونەکانی دروستکردنی دەستوور لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی تردا، لە قۆناغی گواستنەوەدا لە دەسەڵاتخوازی یان ململانێی دوای جەنگی سارد، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی- لە شێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان ناوچەییەکان، یان تەنانەت تاکە پسپۆڕانی دەستووری- ڕۆڵێکی تاڕادەیەک کەمیان لە پرۆسەی دروستکردنی دەستوور لە ئەفریقیای باشووردا گێڕا. هەندێک ڕاوێژکاری سنووردار لەگەڵ پسپۆڕانی بیانی کراوە، وەکوو لە کاتی دانانیدا شارەزایانی دەستوور لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٩٦)دا گەشتیان بۆ ناوچەی یۆرۆ کرد، سەرپەرشتی و سپۆنسەری وۆرکشۆپەکان دەکرا، لە لایەن هەریەکە لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیادا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ

شارەزایانی نێودەوڵەتی لەسەر پرسە تەکنیکییەکان لە دەستووری نوێ، بە جۆرێک لایەنەکان لە ئامادەکردنی پێشنیارەکانیاندا توێژینەوە و زانیاریی بەراوردکارییان بەکارهێناوە، واتە دیزاین و ئەنجامی جەوهەری پرۆسەکە لە ناوخۆدا گەشەیان کرد. یەکێک لە ئەزموونە بیانییە تایبەتەکان، کە دەستووری ئەفریقیای باشوور چاویان لێی بوو بۆ وەرگرتنی ئەزموون، ئەزموونی نامیبیا بوو؛ بە قسەی ئەلبی ساکس، "وەک تاقیکردنەوە وابوو. بە تایبەتی، بەکارهێنانی بنەما سەرەکییەکانی نامیبیا وەک بنەمای یەکلاییکردنەوەی کۆتایی کاری کردووە، بەکارهێنانی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، و پێکهاتەی دەستوور وەک مۆدێلی ئەرێنی کاری کرد (Ebrahim, Hassen, and Laurel E. Miller, 2010, 143) .

لە بارەی بەشداریکردنیان لە دەستووری تونس، بە پێچەوانەی پرۆسەکانی داڕشتنی دەستوور لە وڵاتانی دیکە، ئەنجوومەنی دەستووری نیشتمانی هەرگیز چوارچێوەیەکی فەرمی بۆ ڕۆڵی شارەزایان دانەناوە، بەڵکوو لە کاتی پێویستدا پەنایان بۆ بردووە، بێ ئەوەی هیچ سروشتێکی پابەندیان پێبدات بە سوود لێوەرگرتنیان، لەگەڵ ئەوەی بەشداربوون بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلە دەستوورییەکان لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەندا، واتە ئەنجوومەنی دامەزرێنەران هیچ ڕۆڵێکی ڕەسمی نەبەخشی بە شارەزایانی بیانی، وەکوو ئەوەی لە پرۆسەی دەستووری کینیا بریتیبوو لە دامەزراندنی "لیژنەیەکی شارەزایان"، کە شەشیان ناوخۆیی و سیانیان بیانی بوون، کە هەموویان لە لایەن ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەفریقیا دیاریکرا بوون، ئەو لیژنەیەی شارەزایان ڕۆڵێکی گرنگیان لە دڵنیابوون لەو پرۆسیەدا بە جێبەجێکردنی بنەما دیموکراتییەکان لە دەستووردا بینی.( Al-Ali, Zaid and Donia Ben Romdhane,2014)

سەبارەت بە دەستووری عێراق بە هۆی ئەو بارودۆخەی لە وڵات هەبوو لە ژێر سەرپەشتی و ڕاسپاردەی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی هاوپەیمانان بوو، هەرچەندە لە (٣٠ی ئایاری ٢٠٠٥) ڕاوێژکارانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پسپۆڕی دەستووری لە ئەفریقیای باشوور ئامادەی کۆبوونەوەیەک بوون لەگەڵ لیژنەی دەستووری و پێشکەشکردنی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نووسین و داڕشتنی دەستووردا، بەڵام بە ڕاشکاوانە ڕایانگەیاند، دەستووری نوێی عێراق لەسەر بنەمای یەکێتیی ئارەزوومەندانە تەنیا بە هەموو عێراقییەکان و بە عەقڵی عێراقی و بە ئیرادەی عێراقییەکان بەبێ هیچ لایەنێکی تر دەنووسرێت و ڕۆڵی لایەنەکانی دیکە تەنیا فاکتەرێکی هاوبەش دەبێت و لە ڕۆڵی ڕاوێژکاری تێناپەڕێت)**تغريد عبد القادر،١٨٥،٢٠١٢)**.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی ئەمریکی ڕێگەی بە چەندین جیاواز لەو پرۆسەیدا ڕۆڵێکی دیاری هەبوو، وەکوو لە ڕێگەی کۆمەڵەی پارێزەرانی ئەمەریکا، کەوا دەستیکرد بە یارمەتیدان بۆ نووسینەوەی دەستوور بۆ عێراق لە تشرینی دووەمی (٢٠٠٤)، دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ بە سەر دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لەسەر ماڵپەڕی لیژنەی دانانی دەستووری ڕاگەیاند، بە تەرخانکردنی بودجەییەکی تایبەت سەبارەت بە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری عێراق، لیژنەکە داوای دانانی شارەزایانی یاسای تایبەت بە یاساکانی عێراق و کاروباری عێراقی کرد بۆ کارکردن بە ئامانجی پێکهێنانی ئەو لیژنەیە لە ژێر چاودێریی لیژنەی ناوبراو بۆ نووسینەوەی دەستوور، ئەوەبوو لیژنەی پارێزەرانی ئەمریکا لیژنەیەکی یاسایی تایبەتمەندیان دامەزراند، بوو بە ژوورێک لە دواوە کاری دەکرد بۆ پشکنینی ئەو دەقە دەستوورییانەی، کە دەنووسرێن لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی باڵیۆزخانەی

ئەمریکا سەبارەت بە بەشەکانی ڕەشنووسی دەستوور پێش پەسەندکردنی (د. منذر الفضل، ٢٠١٠، ٦٥).

هەروەها دابینکردنی کەسانی پسپۆڕ بۆ یارمەتیدانی لیژنەی دانانی دەستوور وەکوو (نوح فیلدمان) لە بەشی یاسای زانکۆی هارڤارد وەک ڕاوێژکاری دەستووری دانرا (شاريهان جميل مخامره، ٢٠١٣، ٢٨). هەندێک جار دانیشتنە گشتییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە شوێنی نیشتەجێبوونی باڵیۆزی ئەمریکا بەڕێوەدەچوو بە جۆرێک باڵیۆزی ئەمریکا بە بەردەوامی لە دانوستانەکان ئامادەیی هەبوو، بەرپرسانی تری ئەمریکاش خەریکی دانوستان بوون بۆ خێراکردنی دانانی ڕەشنووسی کۆتایی دەستوور و کۆتاییپێهێنانی لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا. لە ئەنجامدا ئەمەریکییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی لە دانوستانەکاندا. (Al-Ali, Zaid, and Philipp Dann, 2006, 439).

هەروەکوو لە کاتی دانانی دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥)، کە بە هۆی ئەو باردۆخەی لەو وڵاتە هەبووە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەمریکای لەسەربوو، لەو کاریگەریانەش دانانی کاتێکی دیاریکراو بوو بۆ دانانی دەستوور، بە پێی مادەی (٦١) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغ گواستنەوە، سەپاندنی فیدراڵیەت لە ماددەی یەکەم لە دەستووردا بۆ لەبەرچاوگرتنی بەرژوەندییەکانی هەرێمی کوردستان، و چەسپاندنی ئازادیی ڕادەبرین لە ماددەی (٤٢)، و دانانی کۆتا بۆ ئافرەتان بە ڕێژەی ٢٥٪ لە ئەندمانی ئەنجوومەنی نوێنەران ماددەی (٤٩ بڕگەی ٥)، و بابەتی پەیوەندار بە ئاین لە دەوڵەتدا **(الدكتور نديم الجابري، ٢٠١٨، ١٥_١٦).**

پیتەر و گالبریت وەکوو ڕاوێژکارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای پرۆسەی داگیرکردنی عێراق، لە دانانی دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) ڕۆڵێکی زۆری بۆ یارمەتیدانی لایەنی کوردی هەبووە، هەروەکوو

خۆی باسی دەکات لە کتێبی یاداشت نامەکانی بە ناوی (کۆتایی ئێراق)، کەوا لە لایەن کوردەوە داوای یارمەتیدانی لێکراوە بە تایبەت لە بارەی بابەتی فیدراڵی، لایەنی کوردی زانیارییەکی ورد و تەواویان نەبووە سەبارەت بەو بابەتە، هەروەها سەبارەت بە دەستووری تایبەت بە هەرێمەکەیان بەر لە نووسینەوەی دەستووری عێراق، کە هەموو مافەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت و پەیوەندیی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دیارییکات، و بابەتی بوونی هێزی ئەمنی تایبەت (پۆلیس) بە خۆیان، بەبێ بوونی هیچ هێزیکی تر لە هەرێمی کوردستان، و دامەزراندنی هێزێکی تایبەت بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە کوردستان بکات، هەروەها دەربارەی چارەسەرکردنی بوونی ناکۆکی لە نێوان دەستوور و یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کام یاسا سەروەر دەبێت، کە ڕای وابوو دەبێ لە دەستووردا ئەوە بنووسرێت بە باڵا بوونی دەستووری و یاساکانی هەرێمی کوردستان، لە کاتی بوونی هەر ناکۆکییەکیش لە نێوان دەستووری کوردستان و دەستووری عێراقدا، دەبێت بە بەرژەوەندیی دەستووری کوردستان بشکێتەوە. بێگومان هەموو ئەو پێشنیازانە بوونە بنەما، کەوا کورد داوای کرد لە دانانی دەستووری عێراقدا **(پیتەر و گالبریت، ٢٠٠٧، ٢١٥-٢١٧).**

به لێوردبوونەوە لە نێوان دەستوورە بەراوردکراوەکان، دەکرێت بڵێین هەموویان سوودیان لە کەسانی پسپۆڕ وەرگرتووە، بەڵام بە جیاوازیی ئەوەی لە ئەفریقیای باشوور و تونس بە شێوەیەکی کەمتر بووە، لە چوارچێوەی لیژنەیەکی تایبەت لە دەرەوەی لیژنەکانی دانانی دەستوور نەبووە بۆ مەبەستی یارمەتیدانیان، بەڵکوو بە پێی پێویست بووە لە ڕاوێژکردن لەگەڵیان، بەڵام لە عێراق بەو شێوەیە نەبوو، کەوا لە تونس کەمترین ئامادەییان هەبووە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر لەو پڕۆسەیەدا، و لە دانانی دەستووری عێراقدا جیاواز بووە بە هۆی بوونی

ئەو بارودۆخە، کە وڵاتی تێدا بووە لە گۆڕانکاریی سیستەمی حکمرانی و داگیرکردن لە لایەن ئەمریکاوە، وای کرد هەریەکە لە نەتەوە یکگرتووەکان و لایەنی ئەمریکی لەو پرۆسەیدا ڕۆڵێکی دیاری هەبێت.

**تەوەرەی سێیەم**

**پەیوەستبوون بە پابەندیی نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوور**

بێگومان دەستوور هەر لە سەرەتاوە بابەتێکی ناوخۆیی نیشتمانی بووە و بە یاسای بنەڕەتی لە ناو دەوڵەت دانراوە، بە جۆرێک بەشێکی گرنگی یاسای دەستووری پەیوەندارە بە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان حکومەت و تاکەکانی ژێر حوکمڕانی، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا وەکوو پێوەرێکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر دەستوور دەکات. لە دوو دەیەی ڕابردوو کاریگەریی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی جیاواز، کە لە سەرەوە باسکرا لە دانانی دەستوور بەشدار بوون، بە جۆرێک دانانی دەستوورە نوێکان زۆر کاریگەرییان بە یاسای نێودەوڵەتی هەبووە، جا بە ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی، یان بوونی لە یاساداناني ناوخۆیی یان بوونی بەندەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە دەستووری نوێدا. هەروەها دەستووری هەندێک لەو وڵاتانە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیان بە باشترین شێوە پیادەکردووە بۆ ئاسانکاری بۆ چوونە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی دیموکراتی و دیارترین نموونەشی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و عێراق و مەغریب بوون (شاریهان جمیل مخامرە، ٢٠١٣، ١).

دانانی دەستوور لەسەر بنەما یان لە ژێر کاریگەریی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی لە نێوان دوو لایەن، یان زیاتر هاتۆتە ئاراوە، کە سیستەمی حکومڕانی شێوەی دەوڵەت و مافە بنەڕەتی و ئازادییەکانی لە لایەن خەڵکەوە پیادەدەکرێت و دیاریکراوە، بە جۆرێک ئەم پەیماننامەیە یان

ڕێککەوتننامەیە چوارچێوەیەکی گشتی دەستووری پێشنیارکراو دیاریدەکات، کە دواتر دەکرێت بدرێتە ئەنجوومەنی دامەزرێنەر بۆ ڕەچاوکردن. لە ڕاستیدا یاسا و دەستوور ڕەنگدانەوەی لایەنەکانی ناوخۆیی وڵاتەکەن، بەڵام هەندێک جار لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندان، بە تایبەتی ئەوانەی دوای شۆڕش و کودەتا لە وڵاتێکی دیاریکراودا دروستبوون (الدكتور صلاح جبير البصيصي، ٢٠٠٨، ٤٨).

جا کاریگەریی نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوور هەندێک جار بە شێوەیەکی تەواو یان بە شێوەیەکی لاوەکی بەشدار دەبن، هەندێک لە زانایان پێیان وایە پێشتر هەندێک دەستوور لە ڕێگەی پەیمانە نێودەوڵەتییەکانەوە دروستبوونە، بۆیە پەیمانی نێودەوڵەتی وەک ڕێگایەک بۆ دروستکردنی دەستوور دەبینن، بۆ نموونە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە ئەنجامی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیی نێوان سێزدە وڵات بووە، هەروەها بە هەمان شێوە بۆ هەموو ئەو دەستوورانەی لە چوارچێوەی فیدراڵیزمی و کۆنفیدراڵی لە ئەورووپای ناوەڕاست دامەزراون لە ڕێگەی پەیمانێکی نێودەوڵەتی بوون، بە هەمان شێوە دەستووری سویسڕای ساڵی (١٨٤٨)، کە لە ساڵی (١٨٧٤) هەموارکراوە، لەسەر بنەمای پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی، کە لە ساڵی (١٢٩١) لە نێوان سێ هەرێمی یەکگرتووبوو و بۆ مەبەستی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دانرابوو (نبيلة محلعين، ٢٠١٩، ١٤-١٥).

بەڵام کاریگەریی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر داڕشتنی دەستوور دیاردەیەکی نوێیە، بە تایبەتی لە دۆخی دوای ململانێدا ئەم دۆخە لە نووسینی دەستووری نوێی کۆماری بۆسنا و هەرسک، بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە لە کاتێکدا پرۆسەی دەستوورییان بەرهەمی دیالۆگێکی نیشتمانی یان بڕیاری یاسادانانی پەرلەمانییان یان نوێنەرانی

گەلەکەیان نەبووە، بەڵکوو دەرئەنجامی ڕێککەوتننامەی (ئاشتیی دایتۆن) بوو، کە لە ساڵی (١٩٩٥) لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکانی کۆماری پێشووی یوگۆسلاڤیا بە چاودێریی نێودەوڵەتی ئیمزاکرا. دەستووری نوێ لە ڕاستیدا پاشکۆی ڕێککەوتنی ئاشتی بوو، کە لە بەرانبەر بارودۆخێکدا، کە دەستوور لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک بەشێک لە ڕێککەوتننامەی ئاشتیی نێودەوڵەتی سەپێنراوە (کیمانا زولویتا-فولشر وآسانغا ویلیکال، ٢٠١٧، ٢٩).

لە لایەکی ترەوە ڕۆڵی لاوەکیی نێودەوڵەتی یان ناڕاستەوخۆ بەدیدەکرێت. لە ڕێگەی بوونی بنەما نێودەوڵەتییەکان لە یاسای دەستووری دەبێت، بە لەخۆگرتن و لە ناساندنی یاسا و ڕێسا گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و ڕەچاوکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لە دەستوورە نیشتمانییەکان، هەوەکوو لە ماددەی (٩)ی دەستووری ئەسوبیا ساڵی (١٩٩٥) هاتووە، کەوا هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەی پەسەندکراون بەشێکن لە یاسای نێوخۆیی دەوڵەت و جیاناکرێنەوە،[١١] لە پێشەکیی دەستووری کۆنگۆی دیموکراتدا هاتووە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، و میساقی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەشێکن لە دەستووری وڵات و جیاناکرێنەوە،[١٢] هەر لەم میانەدا دەبینرێت لە پەیمانی نێودەوڵەتیی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا هەر وڵاتێک پەسەندیکرووە بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتیی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی هەلومەرجی باشتری ژیان بۆ گەلەکەی و مافی هەموو کەسێک بۆ کارکردن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مافی تەندروستی و پەروەردە و کلتوور و دامەزراندن و بوون بە ئەندام لە سەندیکاکان فەراهەمبکات، ئەم پەیمانە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان ئەم مافانە و کەرامەتی تاک و مافی یەکسانیی دەوڵەتەکان و ئازادییەکان و دادپەروەری و ئاشتیی جیهانی و پەیوەندیی

نزیکی پەیمان و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەکات.[١٣] واتە هەر دەوڵەتێک کە پەسەندی ئەو پەیماننامەی کردووە، دەبێت ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکات لە کاتی دانانی دەستوور، بە شێوەیەکی لاوەکی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دانانی ئەو دەستوورە بەشدار دەبێت.

هەندێک لە زانایان پێیانوایە دەکرێ دەستوور لە ژێر سایەی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی یان پەیماننامەیەک لە نێوان دوو لایەن، یان زیاتر دروستبکرێت، وەکوو هەریەکە لە دەستووری ئەمریکا و سویسرا و بوسنە و هەرسک کە لە سەرەوە باسکراوە، بەڵام ڕەوتێکی تر کەوا زۆربەی زانایانن ڕەتیدەکاتەوە لە ئەگەری داڕشتنی دەستوور لە ڕێگەی پەیماننامەوە، چونکە پەیمانەکە پەیوەندیی نێوان دوو وڵات ڕێکدەخات، لە کاتێکدا دەستوور پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ تاکەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕێکدەخات، لەبەرئەوەی دەستوور دەبێ لە لایەن لایەنەکانی ناوخۆییەوە دابنرێت، ئاماژە بەوە دەکەن داڕشتنی دەستوور لە ڕێگەی پەیمانێکەوە پێچەوانەی سروشتی دەستوور و ئەرکەکەیەتی لە کۆمەڵگای سیاسیدا، پێچەوانەی بنەمای بوونی ڕەوایەتی پێدانە، چونکە دەستوور وەک ڕەنگدانەوەی مێژووی سیاسیی دەوڵەت و ئەنجامی بیروبۆچوون هاووڵاتییان دەبێت (د. خامۆش عمر، ٢٠٠٩، ٩٣). بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی، کە ببێتە بەردی بناغەی دەستوور لە وڵاتێکدا، بە تایبەتی ئەگەر ئەو وڵاتە لە مێژووی سیاسیی خۆیدا بە هۆی شۆڕشی مەدەنی و کودەتا یان داگیرکاریی بیانی بە هەلومەجێکی ناهەموار تێپەڕێت، وەکوو ئەوەی پەیماننامەکە پێشنیازی ڕەشنووسی دەستوورەکە دەکات، وەکوو بنەمایەکی کارکردن بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان یان ڕەشنووسی دەستوور بۆ ئەوەی بخرێتە ڕاپرسییەکی جەماوەرییەوە بۆ پەسەندکردنی لە لایەن خەڵکەوە، واتە پەیماننامەی نێودەوڵەتی لە ڕاستیدا

وەک یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دارشتنی دەستوور دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی دەستوور دابنێت (الدكتور صلاح جبير البصيصي، ٢٠٠٨، ٥٣).

بەڵام ئێمە پێمان وایە لە ئێستادا لایەنی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی کارا بەشدار دەبێت لە دانانی دەستوور وەکوو ئەوەی لە هەریەکە لە دانانی دەستووری کۆسۆڤۆ ساڵی (٢٠٠١) بەشدار بوو لە دیاریکردنی رێگاکانی دامەزراندنی ئەنجوومەنی دەمەزێنەران، یان بە دارشتنی دەستوور بە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بەبێ ریفراندۆم یان پەسەندکردنی پەرلەمان وەک کەیسی بۆسنە و هەرسک، یان بەشداریکردن لە دانوستانەکانی ئاشتەواییدا بە دوایدا دارشتنی دەستووری بە دەستێوەردانی دەرەکی بەدوادا دێت، وەک لە باشووری سودان روویدا، کە دەوڵەتی نوێ پەیدابوو لە دابەشبوونی سودانەوە بۆ دوو دەوڵەت و دوور لە سەروەریی دەوڵەتی سودان بە سەر خاکەکەیدا دەرکەوت (بن صديق فتيحة .هاملي محمد، ,2021، ٦٢).

هەندێک جار لە کاتی داواکردن بۆ بوون بە ئەندام لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان داوا لە وڵاتەکان دەکرێت، کە دەستوورێکی نوێی دیموکراتیی نووسراو پێشکەشبکات، دەسەڵاتەکان رێکبخات و رێز لە مافە بنەرەتی و ئازادییەکانی مرۆڤ بگرێت، بۆتە داواکاریی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەندامێتی لە یەکێتییەکی وەک یەکێتیی ئەورووپادا، وەکوو ئەوەی کاتێک (کۆماری ڤانواتو)،[١٤] داوای ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، مەرجی ئەوە دیاریکرا، پێویستە دەستوورێکی نووسراو پێشکەشبکات، بە شێوەیەک ئەمرۆ پێکهاتەی دەستووری فیدراڵی پلانێکی ناوەندییە بۆ ئاشتی لە نەتەوە هاوچەرخەکانی وەک ئەفغانستان و عێراق، ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا، تاکوو ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدان ئایا (چۆن) دارشتن بۆ شێوەی دەستووری داهاتووی ئەورووپا

دەکەن (Ford, J 2 ,2004 )، یان هەمواری دەستوورەکە بکات بە جۆرێک لەگەڵ بنەما دیموکراتییەکان بگونجێت، هەروەکوو لە لایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا لە ڕێگەی بوون بە ئەندام داواکراوە، وەکوو دانانی دەستوورێکی نوێی دیموکراتی بوو لە ئیسپانیا لە کۆتاییەکانی (١٩٧٠) بۆ ئەوەی بچێتە ناو کۆمەڵگای ئابووریی ئەورووپاوە بە هەمان شێوە پڕۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا لە سەرەتای (٢٠٠٠) زەمینەی هەموارکردنەوەی دەستووری لە تورکیا خۆشکرد.(Emre, Mustafa, 2021,20) .

پەرەسەندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە هۆی گۆڕانکاری لە ڕێکخستنە نێودەوڵەتییەکان و سەرهەڵدانی دەزگای نوێ لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بەشدار بوون لە بڕیاردان بە جۆرێک دەوڵەتەکان ناچار بکەن، بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە لە یاسای خۆیاندا، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی جۆرێکی نوێی بەشداریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوور، بە جۆرێک ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ دانانی دەستوور هانی دەوڵەتان دەدەن یان پابەندیان دەکەن بە گۆڕینی بەندەکانی دەستوورەکەیان بە شێوەیەک، کە وەڵامدەرەوەی داواکارییەکانی ڕای گشتی بێت. لە ڕاستیدا لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان یان ئامانجەکانیان داوا دەکرێ، وەکوو پابەندکردنی دەوڵەتەکان لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە، واتە هەموو ئەو یەکێتییانەی، کەوا لە لایەن دەوڵەتانەوە دامەزراون، وەکوو یەکێتیی ئەوروپا و یەکێتیی ئەفریقیا، و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەزگاکانیان وەکوو نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانن بڕیار دەربکەن بە جێبەجکردنیان لەلایەن هەموو دەوڵەتانەوە (بن صديق فتيحة .هاملي محمد، ,2021، ٥٩).

لەگەڵ ئەوەی لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، بەوەی تا چەند ئەو دەستوورە دیموکراتییە، کەوا لایەنی نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوور بەشدار دەبێت، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتەکە خاوەن سەوەریی تەواوە، هەروەها دەبێت دەستوور وەک بابەتێکی ناوخۆیی سەیربکرێت، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەو دەستوورانە دیموکراتین، لەبەر ئەوەی لایەنی نێودەوڵەتی جەخت لە بوونی بنەما دیموکراتییەکان دەکەنەوە لە دەستوور بە ڕێزگرتن لە ماف و ئازدییەکانی هاووڵاتییان،[١٥] و نەبوون بە هەڕەشە لە سەر دەوڵەتان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەدیهێنانی ئاشتی بۆ وڵاتان ڕێگری ناکات لە بەشداریکردنی لایەنی نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوور یاخود داوای هەمووارکردنەوەی بکات.

## کۆتایی

لە پاش گەیشتن بە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە چەند ئەنجام و پێشنیازێک دەخەینەڕوو:

## ئەنجامەکان

١ــ پڕۆسەی دانانی دەستوور وەکوو پڕۆسەیەکی ناوخۆیی سەیر دەکرێ بەڵام لە کاتی ئێستادا کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بە شێوەیەکی کارا بەشداردەبێت لەو پڕۆسەیە بە یارمەتیدانی دانەرانی دەستوور لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکیی پەروەردەی مەدەنی و دابینکردنی کەسانی شارەزا و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی، هەروەها لە لایەنی داراییەوە، پشتیوانیکردنی میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ تێگەیشتن بە پڕۆسەی دانانی دەستوور یارمەتی هاووڵاتییان دەدەن، بەردەستکردنی ئەزموونی هەموو ئەو کەسانەی کەوا پێویستن لە سەرتاسەری جیهانەوە لەسەر مەسەلە پەیوەندیدارەکان، بۆیە لایەنی تایبەتمەند لە دانانی دەستور دەتوانن سوود ببینن بە شێوەیەک پێویستە لایەنی ناوخۆیی خۆی

بەدووربگرێت لە ژێر فشار و کاریگەریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بێلایانانە کارەکانی بکات لە سەرخستنی ئەو پرۆسەیدا.

٢ــ رۆڵی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی ئێستادا بۆ دانانی دەستوور رۆڵێکی گرنگە هەروەکوو لە نێوان ئەزموونی دەستوورە بەراوردکراوەکان ڕوونبۆتەوە، بەڵام ڕۆڵەکەشیان جیاواز بووە، هەروەکوو لە دانانی دەستووری عێراق و تونس زیاتر بووە، بە بەراورد لە دەستووری ئەفریقیای باشوور، لە زۆر لایەنەوە هاوکار بوون وەکوو دابینکردنی کەسانی پسپۆڕ و یارمەتیدان لە لایەنی داراییەوە بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دانانی دەستوور، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەوا عێراق پێیدا ڕۆیشتووە، وەکوو بوونی وڵات لە ژێر سیستەمی داگیرکاری و نەبوونی باری ئەمنیی وڵات وای کرد کەوا ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر بێت لە ڕێکخراوەکانی تر و بە شێوەیەکی فەرمی بووە لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیاری ١٥٤٦، بەڵام لە تونس ڕێکخراوەکان بە گشتی هەموویان ڕۆڵیان هەبووە لەو پرۆسەیدا، وەکوو نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپا و هەروەها حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکانیش کە لە ناوچەکەدان بەشدارییان تێدا کردووە. بەڵام لە ئەفریقیای باشوور ڕۆڵیان زیاتر لەسەر فروانکردن و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو کردووە بەهۆی بوونی جیاکاریی ڕەگەزی لەو وڵاتەدا.

٣ــ دەوڵەتان وەکوو ئەکتەرێکی تری نێودەوڵەتی بەشداری لە دارشتنی دەستووردا دەکەن بەتەنها، یاخود بەشێوەیەکی دوولایەنە یان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی تر. بەهۆکاری جیاواز لە ڕووی بەرژەوەندییەکانیانەوە وەک دراوسێ بن یان وڵاتانی کۆمەکبەخش لەوانەیە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە کار بکەن یان لە

ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە وەکوو ڕێکخراوەکانی پارێزەران و یەکە ئەکادیمییەکان.

٤_ لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتەکە خاوەن سەروەریی تەواوە، و دەستوور وەک بابەتێکی ناوخۆیی سەیردەکرێت، بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بەشداردەبێت لە دانانی، ئەو دەستوورانە دیموکراتین لەبەرئەوەی لایەنی نێودەوڵەتی جەخت لە بوونی بنەما دیموکراتییەکان دەکەنەوە لە دەستوور بە ڕێزگرتن لە ماف و ئازدییەکانی هاووڵاتییان، و نەبوون بە هەڕەشە لەسەر دەوڵەتان  و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆیە ئەمە ڕێگری ناکات لە بەشداریکردنی لایەنی نێودەوڵەتی لە دانانی دەستوور یاخود داوای هەمووارکردنەوەی بکات.

٥_ ئەزموونی بەشداریکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پڕۆسەی دانانی دەستوور لە عێراق جیاواز بووە بەهۆی سیستەمی داگیرکاری و نەبوونی باری ئەمنی وای کرد پشتگیریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بە هۆی پاڵپشتیی وڵاتانی دیاریکراو وەک ئەمریکا و بەریتانیا و فەرنسا بووە کە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە ویستی سیاسی و نێودەوڵەتیی خۆیان بە جێگەیاندووە بە تایبەتی لە دامەزراندنەوەی حوکمڕانیی نوێی عێراق.

٦_ لە ئێستادا  لایەنی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی کارا بەشدار دەبێت لە دانانی دەستوور وەکوو ئەوەی لە هەریەکە لە دانانی دەستووری کۆسۆڤۆ ساڵی (٢٠٠١) بەشدار بوو لە دیاریکردنی ڕێگاکانی دامەزراندنی ئەنجوومەنی دامەزرێنەران، یان بە داڕشتنی دەستوور بە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بەبێ ڕاپرسی یان پەسەندکردنی پەرلەمان وەک کەیسی بۆسنە و هەرسک، یان بەشداریکردن لە دانوستانەکانی ئاشتەواییدا بە دوایدا داڕشتنی دەستووری بە دەستێوەردانی دەرەکی بەدوادا دێت، وەک

له باشووری سودان ڕوویدا، که دەوڵەتی نوێ پەیدابوو له دابەشبوونی سودانەوە بۆ دوو دەوڵەت و دوور له سەروەریی دەوڵەتی سودان، یاخود له کاتی داواکردن بۆ بوون بە ئەندام له ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان داوا له وڵاتەکان دەکرێت که دەستوورێکی نوێی دیموکراتیی نووسراو پێشکەشبکات لەو وڵاتەدا کەوا دەسەڵاتەکان ڕێکدەخات و ڕێز له مافە بنەڕەتی و ئازادییەکانی مرۆڤ دەگرێت، بۆتە داواکاریی ئەندامێتی له نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەندامێتی له یەکێتییەکی وەک یەکێتیی ئەورووپادا، وەکوو ئەوەی کاتێک (کۆماری ڤانواتو) داوای ئەندامێتی له نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، مەرجی ئەوە دیاریکرا کەوا پێویستە دەستوورێکی نووسراو پێشکەشبکات.

٧_ ئەزموونی سوودوەرگرتن له کەسانی پسپۆڕ له نێوان دەستوورە بەراوردکراوەکان جیاواز بووە، له ئەفریقیای باشوور و تونس بە شێوەیەکی کەمتر بووە له چوارچێوەی لیژنەیەکی تایبەت له دەرەوەی لیژنەکانی دانانی دەستوور نەبووە بۆ مەبەستی یارمەتیدانیان، کەوا له تونس کەمترین ئامادەبوونیان هەبووە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر لەو پرۆسەیەدا، بەڵکوو بە پێی پێویست بووە له ڕاوێژکردن لەگەڵیان، بەڵام له عێراق بەو شێوەیە نەبوو، له پرۆسەی دانانی دەستووری عێراق جیاواز بووە بەهۆی بوونی ئەو بارودۆخەی که وڵاتی تێدا بووە له گۆڕانکاری له سیستەمی حکمڕانی و داگیرکردن له لایەن ئەمریکاوە، وای کرد هەریەکە له نەتەوە یەگرتووەکان و لایەنی ئەمریکی ڕۆڵێکی دیاری هەبێت لەو پرۆسەیدا.

## پێشنیازەکان

١_ بۆ ئەوەی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان شکستنەهێنن و بتوانن سوود بە لایەنە ناوخۆییەکان بگەیەنن پێویستە وەڵامدەرەوەی ئامانجی لایەنە ناوخۆییەکان بن، بۆیە پێشنیازدەکەین پێویستە ئەو ئەکتەرانە لە ژینگەی پرۆسەی سیاسی و بەرژەوەندی لایەنە ناوخۆییەکان تێبگەن و بە دروستکردنی متمانە وەکوو ئەکتەرێکی بێلایەن، لە ڕێگەی شیکاریی سیاسیی بەهێز و پرۆگرامی سیاسی و گونجاندن بۆ تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی بۆ بوونی دەستوورێکی گشتگیر.

٢_ پێشنیازدەکەین بۆ لیژنەی دانانی دەستوور بە دامەزراندنی سکرتاریەتییەکی تایبەت بە شارەزایانی بیانی، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سوودییان لێوەربگرێت بە گواستنەوەی ئەزموونی پسپۆڕان لە ڕێگەی ڕاوێژ و ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و خوێندنەوە، دیاریکردنی ڕۆڵەکانیان لە قۆناغە یەکبەدواییەکەکان لە پرۆسەی دانانی دەستوردا.

## پەراوێزەکان

١_ پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ دیموکراتی و یارمەتیدانی هەڵبژاردن، لە ساڵی ١٩٩٥ لە سوید دامەزراوە، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە لە سەرتاسەری جیهاندا پشتگیریی دیموکراتییەکی بەردەوام دەکات، بە ئامانجی پشتگیریکردنی گۆڕانی بەردەوامی دیموکراتی بە دابینکردنی مەعریفەی بەراوردکاری و یارمەتیدان بە چاکسازیی دیموکراتی و کاریگەری لەسەر سیاسەت و بە ئامانجی بەهێزکردنی دەزگا و پرۆسە دیموکراتییەکان، و لە چەندین بوار کاردەکات بێگومان پرۆسەی دانانی دەستوور یەکێکە لەو بوارانەی بەشدارییەکی کارای تێدا دەبێت.

بروانە : https://www.idea.int/.

[٢]– ئینتەرپیس ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بۆ دروستکردنی ئاشتی، کە پشتگیریی دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکانی جیهان دەکات لەگەڵ هاوبەشە ناوخۆییەکان و تیمە ناوخۆییەکان کار دەکات. ئینتەرپێس بە هاوبەشی بەرنامەکانی دروستکردنی ئاشتی پەرەپێدەدات لە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان یارمەتی دامەزراندنی پرۆسەکانی گۆڕان دەدات، کۆمەڵگای مەدەنی، حکومەت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە ڕێکخراوەکە لە زیاتر لە ٢٠ وڵات لە ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین کاردەکات، لە ساڵی ٢٠١٧دا، ئینتەرپێس لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی فیدڕاڵی سویسراوە پێگەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی پێبەخشرا. وەک هاوبەشێکی ستراتیژی نەتەوە یەکگرتووەکان، بارەگاکەی لە شاری جنێڤی سویسڕایە و ئۆفیسی لە هەریەکە لە برۆکسل و شاری گواتیمالا و نایرۆبی و شاری نیویۆرک و ستۆکهۆڵم هەیە.

بروانە: https://www.interpeace.org/.

٣_ پەیمانگای ئاشتیی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە دامەزراوە و بنکەکەی لە واشنتن دی. سییە، بە ئامانجی ڕێگرتن و چارەسەرکردنی ناکۆکی و توندوتیژییە نێودەوڵەتییەکان و بەرزکردنەوەی سەقامگیری دوای ململانێ و گواستنەوەی دیموکراتی و پتەوکردنی ئاشتی دامەزراوە.

بروانە: https://www.usip.org/.

٤_کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی (PILPG) کۆمەڵەیەکی یاسای جیهانییە لە ساڵی ١٩٩٥ لە لەندەن دامەزراوە، و لە ئێستادا بارەگای سەرەکی لە واشنتۆن دی. سییە. کە بە خۆڕایی یارمەتی یاسایی دەدات بۆ ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە دانوستانەکانی ئاشتی و داڕشتنی دەستووری دوای ململانێ و دادگاییکردنی تاوانەکانی جەنگ/ دادوەری ئینتیقالی. بۆ ئاسانکاری بۆ

بەکارهێنانی ئەم یارمەتییە یاساییە، هەروەها یارمەتی پلانی سیاسەت و ڕاهێنان دەدات دەربارەی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە چارەسەری ناکۆکییەوە، نوێنەرایەتی کۆمەڵێکی جیاواز دەکات کە بریتین لە دەوڵەتەکان، ئەکتەرە لاوەکییەکانی دەوڵەت، گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان، کۆمەڵگای مەدەنی، و ئەکتەرە پەراوێزخراوەکان، بە ژنان و گەنجانەوە.

بروانە :
https://www.publicinternationallawandpolicygroup.org/.

٥_ پەیمانگای نەتەوەیی دیموکراتی(NDI) ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە لە هەموو جیهاندا کار دەکات بۆ ئەوەی دیموکراتی بەرەوپێشببات و فراوانبکات. پەیمانگاکە یارمەتی کرداری سەرکردە مەدەنی و سیاسییەکان دەدات، کە بەها و پراکتیک و دامەزراوە دیموکراتییەکان بەرەوپێشدەبەن، پەیمانگاکە لەگەڵ دیموکراتەکان لە هەر ناوچەیەکی جیهان کاردەکات بۆ بنیادنانی ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و پاراستنی هەڵبژاردن و بەرزکردنەوەی بەشداریی هاوڵاتییان و کراوەیی و لێپرسینەوە لە حکومەتدا، پەیمانگاکە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بەرنامەکانی بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنی دیموکراتی لە لوبنان بەڕێوەدەبات. لە ساڵی ٢٠٠١دا پەیمانگای نەتەوەیی دیموکراتی نووسینگەیەکی لە بەیروت کردەوە، ئامانجی سەرەکی یارمەتیدانی هاووڵاتییانی لوبنان بوو، کە چالاکانە بەشدارن لە کاریگەری خستنەسەر بڕیار و سیاسەتەکان، کە کاریگەری لەسەر ژیانیان هەیە و زۆرجار لە ڕێگەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ئیئتیلاف و پرۆگرامەکان، تیشکیان خستەسەر پتەوکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان و لاوان لە ژیانی سیاسی و پەرەپێدانی ئامرازەکان بۆ پێوانەکردنی ڕای گشتی و دابینکردنی پەروەردەی هاووڵاتییەتی کاریگەر و یارمەتیدانی کۆمەڵگای مەدەنی لەکاتێکدا کە دەبنە داکۆکیکار لە مافەکانیان.

بروانە : https://arab.org/ar/directory/national-democratic-institute/.

٦_ دامەزراوەیەکی ناحکومی و قازانج نەویستە لە ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جیمی کارتەر و ڕۆسالین کارتەر هاوسەری دامەزراوە. سەنتەرەکە کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و کەمکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ، سەنتەرەکە لەلایەن لیژنەیەکی ئەمیندارەوە بەڕێوەدەبرێت کە پێکدێت لە ژمارەیەک لە بازرگانی دیار و ڕۆشنبیر و بەرپرسانی پێشووی حکومەت و خێرخوازان سەنتەرەکە بە دوای باشترکردنی چۆنیەتیی ژیانی خەڵک لە زیاتر لە ٨٠ وڵات هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٢دا سەرۆک کارتەر خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێبەخشرا بۆ کارەکەی لەسەر بنەمای دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیانە بۆ ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و بەرزکردنەوەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و باشترکردنی ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی سەنتەری کارتەرەوە.

بڕوانە: https://www.cartercenter.org/.

٧_ بۆ نموونە هیومان ڕایتس ووچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ چەندین ڕاپۆرتیان بڵاوکردۆتەوە و چەندین نامەی کراوەی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن ناردووە و داوایان لێکردوون کە برگەکانی ڕەشنووسی دەستوور هەمواربکرێنەوە، کە مافەکانی مرۆڤ لاواز دەکات لەوانە مافە بنەڕەتییەکان، مافی ئازادیی ڕادەربڕین، کۆبوونەوەی ئاشتیانە، ئازادیی پارتەکان و هەروەها زامنی پێویست بۆ سەربەخۆییی دادوەری، بە جۆرێک بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکانیان ئەم سێ ڕێکخراوە و سێ بەیاننامەی هاوبەشیان لەسەر ڕەشنووسی دەستوور لە قۆناغی کۆتایی پرۆسەی داڕشتنی دەستووردا بڵاوکردەوە و تێیدا پێشنیازی گۆڕانکاری لە لێدوان و ڕاسپاردەکان بۆ بەرزکردنەوەی پاراستن و گەرەنتیی ئازادییەکان کرد، و هەریەکە لە کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی یاساناسان لە ١٩ی ئازار ڕاپۆرتیان بڵاوکردۆتەوە و کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤ و یونسکۆ و یونیسێف و نەتەوە یەکگرتووەکان داوای پارستنی بنەما و مافە نێودەوڵەتییەکانیان کردووە لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی منداڵان و یەکسانیی جێندەری لە ڕەشنووسی دەستوردا بە ڕاسپاردە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەستووری ناردووە. بڕوانە:

**عملية صياغة الدستور في تونس**، التقرير النهائية صادر عن مركز كارتر، **٢٠١١_٢٠١٤ (التونس ٢٠١٥)**.٩٣_٩٤.

٨_ فيجي كۆمەلە دوورگەیەکن لە میلانێسیا لە باشووری زەریای هێمن، کە دەکەونە نزیکەی ٢٠٠٠ کیلۆمەتر لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی نیبوزیلاندەوە،

[٩]– بۆ ماوەی چەند مانگێک پرۆسەکە تێکچوو کاتێک لایەنێک سوور بوو لەسەر ئەوەی کەسێکی دیاریکراو سەرۆکایەتیی کۆمسیۆنی دەستووری بکات، بەڵام ئەو کەسە متمانەی بە ئەوی تری نەبوو، هیچ پێشکەوتنێک لەسەر ئەو بابەتە ئەنجامنەدرا تا ڕێککەوتن لەسەر کەسایەتییەکی دیاری بیانی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنەکە کرا و پێگەیەکی هاوشێوەش لە سریلانکا ڕوویدا پێش ئەوەی حکومەت جەنگێکی سەرتاسەری دژی بزوتنەوەی (التامیل) دەستپێبکات یان لە دانوستانەکانی نێوان هەردوو بەشی سووداندا. بڕوانە: میشیل براندت، جيل كوتريل، ياش غاي، وأنطوني ڕيغان، **وضع الدستور والإصلاح الدستوري :خيارات عملية** (لبنان، منظمة إنتربيس–Interpea٢٠١٢)٢٨٤.

١٠_ وەکو ئەوەیە هەریەکە لە پراکاش گوپتا (دەرچووی یاسا لە زانکۆی کامبریج کەوا ئەندامی ئەنجوومەنی دەستووری هیندی بوو، ڕاگو ناث سینگ (ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتار پرادش) و ڕام ئوگرا سینگ، پرۆفیسۆری یاسا لە زانکۆی لاخنۆ بانگهێشتکران و بەشدارییانکرد بۆ داڕشتنی یەکەم دەستووری نیپاڵ.

بڕوانە:

Lamichhane, Bimal Prasad. "**Models of Constitution Making with Reference to Nepal (20)** [ *Journal of Political Science* ] (2020). P 30.

١١_ دەستوری ئەسوبیا سالی ١٩٩٥.

١٢_ دەستوری کۆنگۆی دیموکرات ٢٠٠٥.

١٣_ العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية ١٩٦٦.

١٤_ دوورگەیە لە باشووری زەریای هێمن. یەکێکە لە دوورگەکانی ئۆقیانووس پایتەختەکەی پۆرت ڤیلایە ڕووبەرەکەی (١٢,١٩٠) ژمارەی دانیشتوانی (١٩٦,١٧٠) هەزار کەسە.

١٥_ العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية ١٩٩٦.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: پەرتووکەکان**

**أ_ پەرتووکە کوردییەکان**


_ عوسمان عەلی وەیسی (٢٠١٢)، دەروازەیەک بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتی (هەولێر، چاپخانەی هێڤی، چ٢) .

_ خامۆش عمر (٢٠٠٩)، **تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق** (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات) .

_ ڕێبین محمد سوفی (٢٠٠٧)، **مافەکانی کورد لە دەستوری عێراقدا سالی ٢٠٠٥** (سلێمانی، کتێبخانەی سەنتەر).


**پەرتووکە وەرگێردراوەکان**


_ پیتەر و گالبریت (٢٠٠٧)، **کۆتایی ئێراق_ چۆن کارنارێکی ئەمریکا شەرێکی بێ کۆتایی بەرپاکرد** (و: مامکاک لە: زمانی ئینگیلزیەوە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر).


**ب_ پەتووکە عەرەبییەکان**


_ ميشيل براندت، جيل كوتريل، ياش غاي (٢٠١٢)، وأنطوني ريغان، **وضع الدستور والإصلاح الدستوري :خيارات عملية** (لبنان، منظمة إنتربيسInterpea).

_ وليد احمد الجرجرى (٢٠٢٠)، دور الامم المتحدة فى ارساء الديمقراطية دراسة تحليله تطبيقة في اطار القانون الدولي العام (عمان، ط١، شركة دار الأكاديميون للنشر والتوزيع).

_ **عملية صياغة الدستور في تونس (٢٠١٥)**، التقرير النهائية صادر عن مركز كارتر، **٢٠١١_ ٢٠١٤ (التونس).**

_ سرهنك حميد البرزنجي (٢٠٠٩)، **مقومات الدستور الديمقراطي وآليات الدفاع عنه** (العراق، دار دجلة للنشر).

_ وينلاك واهيو (٢٠١١)، **دليل عملي لبناء الدساتير مقدمـــة** (سويد، المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات).

_ فرانشسكا بيندا، أندرو أليس، جوران فيشيك، ياش غاي، بن رايلي (٢٠٠٥)، **التحول نحو الديمقراطية: الخيارات الرئيسية في عملية التحول الديمقراطي في العراق** ( للمؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات).

_ د. منذر الفضل (٢٠١٠)، **مشكلات الدستور العراقي** (اربيل، دار اراس للطباعة والنشر).

_ الدكتور نديم الجابري (٢٠١٨)، **البعد الساسى و الفكري فى كتابة الدستور العراقى الدائم** (بغداد، مؤسسة الفضيلة للدراسات و النشر).

_ كيمانا زولويتا-فولشر وآسانغا ويليكال (٢٠١٧)، **الدساتير دون الوطنية في البلدان الهشة والمتضررة من النزاعات** ( السويد المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات).

**پەرتووكە وەرگێردراوەكان**

_ دزيدک كيدزيا، السيد/ روبرت هازبندز (٢٠١٣)، **الدليل الارشادي لحقوق الانسان ووضع الدستور**( م: السيدة/ نادية عبد العظيم، فى: اللغة الانجليزية، قاهرة، مركز العقد الاجتماعى).

**دووەم: تێز و ماستەرنامەکان:**

**ماستەر نامەکان:**

_ شاريهان جميل مخامره (٢٠١٣)، **تدويل الدساتير** (رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، الأردن).

_ نبيلة محلعين (٢٠١٩)، **تدويـل الدساتير فى مجال حقـوق الانســان** (رسالة ماجستر، جامعة العربي بن مهيدي –أم البواقي، الجزائر).

**سێیەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

– **ديميتر تشاليف، مازن شاقورة، أبو عباس ، دور الأمم المتحدة في عملية الدستورية في تونس والنتائج من حيث ضمانات حقوق الإنسان،**

**file:///C:/Users/sky%20for%20technology/Downloads/41%20Dimiter%20Chalev%20AR%20(1).pdf ، تاريخ زيارة ٢٠٢٢/٣/١١.**

_ **مقتل سيرجيو دي ميلو في العراق، الأمم المتحدة، 19آب/أغسطس ٢٠٠٣، https://news.un.org/ar/story/٢٠٠٣/٠٨/١٢١٤٢، ٢٠٢٢/٤/٢٢.**

**چوارەم: توێژینەوە بلاوکراوە زانستییەکان**

_ د. نجم عبود مهدي (٢٠١٤)، **التطورات الدستورية فى العراق ٢٠٠٣- ٢٠٠٥ دراسة تحليلية لواقع العراق السياسي والدستوري بعد الاحتلال الامريكي للعراق**" (٢٠) ١١ [مجلة الجامعة الأسمرية الإسلامية].

_ جوناثان مورو (٢٠٠٨)، **العملية الدستورية في العراق تكوين رؤية لمستقبل البلاد**، معهد السلام الأميركي، تقرير خاص رقم ١٣٢.

_ عبد العزيز رمضان الخطابى (٢٠٠٧)، **دور الأمم المتحدة في العملية السياسية في العراق**" (١٢) ٣١ [ المجلة الرافدين للحقوق].

_ تغريد عبد القادر (٢٠١٢)، **إشكالية الصياغة التشريعية في النص الدستوري (دراسة عن دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥)**" (٤) ١٨ [*مجلة الحقوق]*.

_ الدكتور صلاح جبير البصيصي (٢٠٠٨)، **المعاهدة الدولية كطريق لوضع الدستور في ضوء قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية**" (١) ٧ [ *مجلة مركز دراسات الكوفة*}.

_ بن صديق فتيحة .هاملي محمد (٢٠٢١)، **تدويل الدساتري وأثره على سيادة الدولة**" (١٢) ٢ [ مجلة العلوم القانونية و السياسية].

**پێنجەم: دەستور و یاساکان**

_ دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

_ دەستووری ئەفریقیای باشوور ساڵی ١٩٩٦.

_ دەستووری تونس ساڵی ٢٠١٤.

_ دەستووری ئەسوبیا ساڵی ١٩٩٥.

_ دەستووری کۆنگۆی دیموکرات ٢٠٠٥.

_ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٤.

**شەشەم: پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان**

_ پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەکان ساڵی ١٩٦٦ .

_ پەیماننامەی یەکێتی ئەفریقیا.

**حەوتەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

_ پێگەی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی و یارمەتیدانی هەڵبژاردن: https://www.idea.int/.

_ پێگەی ئینتەرپیس: https://www.interpeace.org/.

_ پێگەی پەیمانگای ئاشتی ئەمریکی:

https://www.usip.org/.

_ پێگەی کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی (**PILPG**): https://www.publicinternationallawandpolicygroup.org/.

_ پێگەی پەیمانگای نەتەوەیی دیموکراتی(NDI)

: https://arab.org/ar/directory/national-democratic-institute/.

_ پێگەی کارتەر: https://www.cartercenter.org/.

_ پێگەی ویکیپیدیا: بروانە: https://ar.wikipedia.

_ پەیمانگای ئاشتی ئەمریکی: https://www.usip.org/ .

**هەشتەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

**پەرتووک**

Saunders, Cheryl.(2019) "**International involvement in constitution making.**" ***Comparative Constitution Making***. (usa, Edward Elgar Publishing).

_Magdy Martínez-Solimá(2014) **United Nations Development Programme , UNDP Guidance Note on Constitution-making Support**, (New York, NY 10017, USA).

- Mischa Wiebusch,(2016), **'The role of regional organizations in the protection of constitutionalism'** (SWEDEN, International IDEA Discussion Paper).

- Rhodri C. Williams, (2009),'**Constitutional Assistance and the Rule of Law in Post-conflict Transitions'** (Sweden, A Folke Bernadotte Academy research report, Printed by: Allduplo Offsettryck AB).

- Ebrahim, Hassen, and Laurel E. Miller.(2010),"**Creating the birth certificate of a new South Africa: Constitution making after apartheid.**" ***Framing the state in times of transition: Case studies in constitution making*** (USA, *United States Institute of Peace*).

**ماستەرنامە و دکتۆرانامە**

**Emre, Mustafa.(2021),** ***The role of external actors in constitution-making processes: The case study of Syrian***

*post-conflict constitution-making process* ( degree of Master, Sabancı University).

**گۆڤاری ئەكادیمی**

Ndulo, Muna B.(2014) "Constitution Making: The Role of External Actors (1)1 [*Southern African Journal of Policy and Development]*.

Paul Craig,(2017) '**Transnational Constitution-Making: The Contribution of the Venice Commission on Law and Democracy'**( 2([UC Irvine Journal of International, Transnational and Comparative Law].

Landau, David.(2017) "**Democratic Erosion and Constitution-Making Moments: The Role of International Law** (2) [ *UC Irvine J. Int'l Transnat'l & Comp]*.

Aucoin, Louis.(2004) "**The Role of International Experts in Constitution-Making: Myth and Reality (5) 1 [** *Georgetown Journal of International Affairs]*.

Lamichhane, Bimal Prasad.(2020) "**Models of Constitution Making with Reference to Nepal (20) [** *Journal of Political Science* ].

Al-Ali, Zaid, and Philipp Dann.(2006) **The Internationalized Pouvoir Constituant—Constitution-Making Under External Influence in Iraq, Sudan and East Timor** (10)1 [" *Max Planck Yearbook of United Nations Law Online]*.

J Ford.(2004) **The Age of Constitutions, Reflecting on the new faith in federal constitutions.** Lessons for the EU, IRAQ, Afghanistan from Australian and other experience- as well as lessons for Australia's own constitutional development. (132) [ This paper was presented at the National Europe Centre].

## سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

Al-Ali, Zaid, **and Donia Ben Romdhane. "Tunisia's new constitution: progress and challenges to come** (*Open Democracy* 16 February 2014)> https://www.opendemocracy.net/en/north-africa-west-asia/tunisias-new-constitution-progress-and-challenges-to-/, accessed >25/3/2022.

## یاسا و ڕێنماییەکان

Secretary-General, U. N. "**Guidance Note of the Secretary-General: United Nations Assistance to Constitution-Making Processes [**" *United Nations]* (2009).

African Union Constitutive Act", Adopted by the Thirty-Sixth Ordinary Session of the Assembly of Heads of State and Government, Lome, Togo. 11 July 2000.

**ملخص البحث**

مر مشروع كتابة الدستور بعد مراحل مختلفة، بحيث تم كتابته في بداية الامر من قبل الأطراف الداخلية فقط، ولكن بمرور الوقت نمى وتطور هذا المشروع مما تسبب في تعديله وتغيره، بشكل لم تبق فيما بعد شأنا داخليا، بل تم تحويله إلى شأن عالمي وخارجي، بحيث شارك المجتمع الدولي بشكل متوازي وفعال مع الاطراف الداخلية في كتابة هذا المشروع، بشكل جعل الدستور كأعلى وثيقة في الدولة جزءا في مشروع تثبيت الديمقراطية في المجتمع، وذلك من خلال تضمين الأسس والقيم الديمقراطية في المشروع كتابة الدستور، وبمنهجية عدم توجية أي تهديد نحو المجتمع الدولي.

لذا من خلال الاهتمام بهكذا مشروع لاسيما في الدول التي في مرحلة عدم الاتفاق أو في مرحلة ما بعد عدم التوافق الداخلي، وهذا ما جعل مشروع كتابة الدستور في يومنا هذا ليس رؤي داخلية، بل جعله رؤيا دوليا وخارجيا، و هذا ما جعل للمجتمع الدولي دورا مهما في مشروع كتابة الدستور، محافظ ومقدرا على متطلبات وحقوق الأفراد و ذلك من خلال المشاركة العامة والشفافة في هذا المشروع على الدستور الداخلي و على الصعيد الدولي ثم تجسيد القيم والأسس الديمقراطية فيه، وأن لا يكون مرجعا لتصدير الأراء والأفكار التي تشكل تهديدا على أمن المجتمع الدولي.

وبناء عليه يتضمن هذا البحث الحديث عن أهم الظوابط الدولية في مشروع كتابة دستور ديمقراطي، من خلال الحديث عن تجربة كتابة دستور كل من دول: أفريقيا الجنوبية سنة ١٩٩٦ ودستور دولة تونس ٢٠١٤، ومقارنته مع مشروع كتابة دستور العراقي سنة ٢٠٠٥.

**Abstract**

The process of promulgating constitution has gone through various phases in a way that in the beginning it has only been promulgated among national parties. However, as the time lapsed, the development of this process has resulted in changing, because it has not remained at the national level, but the international community plays an effective role in the process of promulgation of constitution alongside the national parties. The constitution as the highest document in States has become a part of democratisation of society by embodying values and democratic rules and through avoiding making threats on peas and security of international community.

Therefore, it is important to pay attention to this process in particular in the countries which are at the phase of conflict or after the phase of conflict. Therefore, nowadays the process of promulgation of constitution contain both national and international perception which driven the international community to play a significant role in the process of promulgation of constitution that respects the rights and demands of individuals through participating of the public and transparency in this process at the national level and at the international level guarantee the values and democratic rules which shall not become a source of threat on the security of the international community.

This research sheds the light on the most important international measures in the process of promulgation of constitution through analysing the experience of the process of promulgation of constitution of South Africa of 1996, constitution of Tunisia of 2014 and comparing them with the process of promulgation of Iraqi constitution of 2005